کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمونیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم- ژمارە ۴۵۷ - بەفرانباری ۱۴۰۳-دسامبری ۲۰۲۴




**بزووتنەوەی ڕۆژئاوا، بەرامبەر بە دەستدرێژییەکانی دەوڵەتی تورکیە، پێویستی بە پشتیوانیی جیهانی هەیە**

لە لاپەڕەی ۷




**ئاگری خەبات و تێکۆشان لە هەموو لایەکەوە بڵێسە دەستێنێ**

لە لاپەڕەی ۶



**دایکانی دادخواز، ڕێگایەکی دوور و درێژ و خەباتێکی بەرهەمدار**

لە لاپەڕەی ۴



لەلاپەڕەی ۲

**قسە و باسی هاوڕێ حەسەن ڕەحمان پەنا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، لە وێبنارێکدا کە ڕۆژی ۱۷ی سەرماوەزی ۱۴۰۳ بە بەشداری حیزب و لایەنە سیاسییەکانی چالاک لە کوردستان، لە لایەن ناوەندی «لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵات لە واشنگتۆن (مێراو)ەوە بەڕێوە چوو.**





**ڕووداوەکانی سووریە، ناکامییەکانی کۆماری ئیسلامی و ئاسۆی شۆڕش**

لە لاپەڕەی ۷

## سەروتار

### شووشەی تەمەنی ڕژیم، لەدەستی بەتوانای جەماوەردا

ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی لایەنگری کۆماری ئیسلامی، بە شێواندن و چەواشە کردنی ڕاستییەکان لە بەرژەوەندی ئەجێندای خۆیاندا، دەستیان کردووە بە پاساو کردنی ڕووخانی ڕژێمی بەعس و بەشار ئەسەد لە سووریا. ئەوان دەڵێن کە دوور کەوتنەوەی ئەسەد لە سیاسەتی دژە ڕۆژئاوایی و خۆڕاگرانەی خامنەیی و نەرمی نواندن و لێبوردەیی بەرامبەر بە ڕۆژئاوا، بووە هۆی ڕووخانی دەسەڵاتەکەی. هاوکات ئاماژەیان بە سیاسەتی نەرمی نواندن و لێبوردەیی ڕیفۆرمخوازان و کابینەی پزیشکیانیش بەرامبەر بە ڕۆژئاوا کردووە و نووسیویانە کە ئاکامی ئەو سیاسەتەش دەکرێت کارەساتبار بێت. ڕیفۆرمخوازانیش لە بەرامبەردا، بێتوانایی دام و دەزگا هەواڵگرییەکانی ڕێژیمیان لە ناوچەکە و نێوخۆی سووریا، بە هۆکاری بێتوانایی کۆماری ئیسلامی لە ناسینی ئۆپۆزسیۆن و یارمەتیدانی ڕژێمی بەعس، ناو بردووە. پێناچێت ئەم پاساوکردنە چەواشەکارانەیە ڕێنمای بڕیاردەرانی سیاسەتە سەرەکییەکانی ڕێژیم بێت. ئەوان دەزانن کە کۆماری ئیسلامی لە مەترسیدایە، بەڵام بە پێچەوانەوە بەپێی وەهمەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕاست و لێکدانەوەی ئەوان، هیچ مەترسییەک لەلایەن ئیمپریالیستەکانی ڕۆژئاوا و بە تایبەت ئەمریکاوە، لەسەر ڕژیم نییە. نابێ بڕوا بە تەبلیغات و پڕوپاگەندەی بەرەی پایەداری و هێزەکانیان لە بەیتی ڕێبەریی و سپا، سەبارەت بە گەورە کردنەوەی پرسی دوژمنایەتی لەگەڵ ئەمریکا و ڕۆژئاوا بکرێت. بەڵکوو بە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی دۆخەکە دەتوانین بگەینە ئەو ئاکامەی کە بە ڕۆیشتنی دیکتاتۆری بەعس لە سووریا، پێویستییان بە ستەم و سەرەڕۆیی هار و ڕێکخراو و بێبەزەییانەی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە دژی جەماوەری ناڕازی، زیاتر بووە. چونکە سیاسیی بوونی هەرچی زیاتری بزووتنەوەکان و ڕێکخراوتر بوونی کرێکاران، ژنان، دادخوازان، خانەنشینان، خەبات لە دژی سزای لەسێدارەدان و باقی بزووتنەوە کۆ مە ڵا یە تییە کا نی

درێژە لە لاپەڕەی ۲

پێشڕەو

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٥٧ - بەفرانباری ١٤٠٣ - دسامبری ٢٠٢٤

## درێژە ی سەروتار

دیکە لە ئێران، ئەو مەترسییەیە کە ناچاریان دەکات سیاسەتی گوشار و لێبوردەیی بەمەبەستی ڕامکردنی ڕێژیم لەسەر بەستێنی پشتگیریکردن لێی بگرنەبەر. ئەوان هەروەها بەهۆی ئەو شکستانەی کە بازنەی بەرتەسکی دەسەڵاتیان بە توندی لاواز کردووە، هەوڵی زیاتر دەدەن بۆ گۆڕین و جێگرەوەی، بە شێنەیی و لە سەرەوە. ئەم هەوڵانە هەم لە لایەن بۆرژوازی ناوخۆوە بە نوێنەرایەتی ڕیفۆرمخوازان و هەم لە لایەن ئیمپریالیستەکانی ڕۆژئاواوە، زیاتر دەبن لاوازتربوونی تەواوەتی ڕژیم لە کۆمەڵگاشدا بەڕوونی بەرچاودەکەوێت. بۆ نموونە ئەم لاوازبوونە لە خەبات و خۆڕاگری و تێکۆشانی ژنانی ئازادپۆشدا بە ئاشکرا دەبینرێت. ئەم ژنە ئازادیخواز و بوێرانە، سیاسەتی سەپاندنی حیجابی ناچارییان لەگەڵ شکست بەرەوڕوو کردووەتەوە و لەم بوارەدا سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە. بزووتنەوەکانی کرێکاران، خانەنشینان، نەیارانی سزای لەسێدارەدان و دادخوازانیش، بە بردنەسەرەوەی داواکاریی و ڕادیکاڵکردنی هەڵوێست و خۆڕاگرییەکان و فراوانکردنی هەوڵەکانیان، لاوازیی بازنەی بەرتەسکی ئەو دەسەڵاتە و بێکاریگەر بوونی ئامرازەکانی سەرکوتیان بە ئاشکرا نیشانداوە. بارودۆخی نێوخۆیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی و خەبات و ناڕەزایەتی و ویست و داخوازیی ئێجگار زۆری جەماوەری خەڵکیش، قەیرانی سیاسیی ئەو ڕێژیمەیان هێندە پەرەپێداوە کە دەتوانێت بارودۆخێکی شۆڕشگێڕانە بێنێتە ئاراوە. لەم هەلومەرجەدا وەبیرهێنانەوەی ئەرکی هێزە شۆڕشگێڕەکان و ڕێبەرانی بزووتنەوە پێشکەوتنخوازەکان و خێراترکردنیان، پێویستییەکی بەپەلە و هەنووکەییە. پێویستە لەم ڕۆژانەدا شکستی سیاسەتە ناوچەییەکانی ڕێژیم و بەفیڕۆدانی سەدان ملیارد دۆلار لە دارایی خەڵک، هەرچی زیاتر لەقاو بدرێت. کۆماری ئیسلامی دۆڕاوی سەرەکی پێشهاتەکانی سووریا و ناوچەکەیە. هاوکات پێویستە هەڵسووڕاوانی سیاسی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ناکۆکییەکانی ناو بازنەی دەسەڵات و هەوڵەکان بۆ گۆڕانکاری لە سەرەوە بە وردی لەبەرچاو بگرن و لێیان بکۆڵنەوە. چونکە کەلێن و ناکۆکی ناو ڕیزەکانی دوژمن و ململانێکانیان، دەتوانێت دەرفەتەکانی خەبات و تێکۆشان لە خوارەوە باشتر بکات پێویستە بەردەوام قەیرانە پێکهاتەییەکانی سیستەمی سەرمایەداری و سیاسەتە شکستخواردووەکانی ئیمپریالیستەکانی ناوچەکە، وەبیر هەڵسووڕاوانی کرێکاری، ژنانی بوێر و شۆڕشگێڕ و هەڵسووڕاوانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتنخوازەکانی دیکە، بهێنرێتەوە. ئەوان نابێ دەستێوەردانی کارەساتبارانەی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و زلهێزەکانی تر لە ئەفغانستان و عێراق و لیبی و وڵاتەکانی دیکە فەرامۆش بکەن. هەر چەشنە ئومێدێک بە دەستێوەردانی ئەوان بۆ گۆڕینی ڕێژیم، گەلێک زیانبارە. پێویستە ئەوە وەبیر بهێنرێتەوە کە خەڵک توانایی دەسەڵاتداریتی جەماوەریی و خۆبەڕێوەبەرییان هەیە لە ڕێگەی شوڕاکانەوە. پێویستە بە ڕێگا خۆشکردن بۆ خەڵک، پرسی بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆیان خێراتر بکەین. بەخشینی متمانە بەخۆبوون بە جەماوەری خەڵک، لە ڕێگەی هاندانی ئەو بزووتنەوە داواکاری تەوەرە بەربڵاو و ڕوو لە گەشانەوە تێدەپەڕێت کە بەشێوەیەکی ڕۆژانە و بەردەوام لە کۆمەڵگادا بوونیان هەیە. پێویستە ئەم بزووتنەوانە، ڕاستگۆیانە و بەدوور لە بەرژەوەندی بەرتەسکی هیچ تاقم و گرووپێک، بەهێز بکرێن. کۆبەندیی دەستکەوتەکانی ئەو بزوتنەوانە و تیشک خستنە سەریان، بۆ ئەم مەبەستە گەلێک یارمەتیدەر دەبێت

هەر ئێستا گەلێک هەوڵی بەرچاو و ئاشکرا لەناو بزووتنەوە داواکاری تەوەرەکان بوونی هەیە بەمەبەستی خۆڕێکخستن و پێوەندی نێوان ڕێبەرە پراکتیکییەکان. پێویستە کارێک بکەین کە کێشە و گرفتەکانی ژیانی ڕۆژانە نەک هەر ئەم هەوڵانە لاواز نەکەن، بەڵکوو مەودایان زیاتر بکەین و پەرەیان پێبدەین. بەهێزکردنی ئەو مەیلە چەپ و سۆسیالیستەی کە بوو بە هەوێنی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» یەکێکە لە پێویستییە بەپەلە و هەنووکەییەکان. هەڵسووڕاوانی چەپ و سۆسیالیست، شۆڕشگێڕێکی فیداکارن، بەڵام تەنیا فیداکاربوون بەس نییە. هەبوونی ڕێکخراو و ناسین و زانیاری تەواو لەسەر دوژمنە ناوخۆیی و دەرەکییەکان و هەروەها خەباتی بەردەوام بۆ تێکشکاندنیان و بوونی سیاسەت و ڕێبازێکی دروستیش پێویستە. دەبێ ئەزموون و هۆکارەکانی شکستی شۆڕشی ٥٧ لەبەرچاو بگیرێت بۆ ئەوەی دووبارە نەبنەوە. نابێ ئەوە لە بیر بکرێت کە وەهم و خۆشباوەڕی بەرامبەر بە ئیسلام و ڕێبەرانی درۆزن و جینایەتکاری ئیسلامی، ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە شکستی شۆڕشی ٥٧ و ڕێکخراوە کرێکارییەکان و ژنان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە. هەر ئێستا ئاسەواری ئەم وەهم و خۆشباوەڕییە لە سەرهەڵدان و بەهێزبوونی ڕەوتە ئیسلامییەکان لە سووریا، بەرچاو دەکەوێت. ئەڵبەتە ئەم مەترسییە لە کۆمەڵگای ئێراندا تاڕادەیەکی زۆر کەم بووەتەوە، هەرچەندە مەترسی ئەوە هەیە کە جەماوەری خەڵک، بەهۆی لاوازییانەوە، بە تێکەڵەیەک لە ئیسلامی میانڕەو و لیبرالیزمی ڕۆژهەڵاتی، ڕازی ببن، بەڵام بە بەهێزکردنی بزووتنەوە داواکاری تەوەرەکان و خەبات و ناڕەزایەتییەکانی ئێستا، دەتوانرێت بەر ئەم مەترسییە کەم بکاتەوە

****

# دەقی قسە و باسێکی هاوڕێ حەسەن ڕەحمان پەنا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، لە وێبنارێکدا کە ڕۆژی ١٧ای سەرماوەزی ١٤٠٣ بە بەشداری حیزب و لایەنە سیاسییەکانی چالاک لە کوردستان، لە لایەن ناوەندی «لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵات لە واشنگتۆن (مێراو)ەوە بەڕێوە چوو.

---

**بە ناوی شۆڕشی " ژن، ژیان، ئازادی" سڵاو بۆ یادی بەرزی هەموو گیان بەختکردووانی شۆڕشی "ژینا" و هەموو گیان بەختکردووانی ڕێبازی ئازادی و بەختەوەری ئینسان. سڵاو بۆ هەموو ئێوە بەڕێزان و ڕێکخەرانی ئەوم کۆڕە، پانێلیستەکان، ئامادەبووان و بەشداربووانی ئازیز.**

**سپاس بۆ" بۆ سازدانی ئەم کۆڕ و کۆکردنەوەی زۆربەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی چالاک لە ساحەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و خەباتکارانەی کوردستان بە هەموو جیاوازییە سیاسی، ستراتیژی و فکرییەکان.**

**بەڕێزان:** ئەم دیالۆگ و باسانەی ئەمڕۆی ئێمە لە هەلومەرجێکی زۆر هەستیاری جیهانی، ناوچەیی، ئێرانی و کوردستانیدا بەڕێوە دەچێت.
لە ئاستی جیهانی دا شەڕی کۆنەپەرستانە و دژی ئینسانی ڕووسیە و ئوکراین، یان بە واتایەکی دروست تر، ڕووسیە و ناتۆ کە لە ٢٤ی فێورییەی ٢٠٢٢ بە پەلاماری ڕووسیە بۆسەر خاکی ئوکراین دەستی پێکرد، مانگ و نیوێکی دیکە پێ دەنێتە سێهەمین ساڵڕۆژییەوە. ئاکامەکەی ئەو شەڕە بۆ لایەنەکانی بەشدار و جەماوەری دژە شەڕ، قەیرانی گەورەی ئابووری بۆ جیهان و بە تایبەت ئورووپا بووە. ئاماری تێچویی شەڕ تا کۆتایی ٢٠٢٤ بە زیاتر لە ٤٠٠ میلیارد دۆلار دەخەملێندرێت. زیاتر لە ملیۆنێک مرۆڤ بەبێ ئەوەی هیچ قازانجێکیان لەم شەڕە دژی ئینسانییەدا هەبێت کوژراون یان بریندار بوون و بوونەتە قوربانی. ئەم شەڕە بووەتە هۆکاری قەیرانێکی گەورەی ئینسانی و کۆچکردن کە لە پاش شەڕی یەگوسلاوی لە ئورووپا نموونەی نەبووە، کە زیاتر لە ٦ ملیۆن ئاوارەی تێپەڕاندووە. براوەی ئەم شەڕە، کارتێل و شەریکە زەبەلاحەکانی بەرهەمهێنەری چەک و بۆمب و قوربانیانیشیان خەڵکی بێ تاوان و ڕۆڵەکانی ئەوان لە بەرەکانی شەڕن. دووهەم شەڕ و کارەساتی گەورە، شەڕی ئیسرائیل

درێژە لە لاپەڕەی ٣

درێژە ی لاپەڕەی ٢

و حەماس لە غەزە و حزبوڵڵا لە لوبنانە کە لە ٧ی ئوکتوبری ساڵی ٢٠٢٣ بە پەلاماری جنایتکارانەی ڕێکخراوی ئیسلامی کۆنەپەرست و دژە ئازادی، واتە حەماس بۆ سەر خاک و خەڵکی ئیسرائیل بە ناوی « گردە لولی ئەلئەقسا» لە پێش چاوی سێ دەزگای زەبەلاحی سیخوری و هەوالگری ئیسرائیل و سیستمە بەهێزە جاسووسیەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی لاینگەری ئیسرائیل و ئەو هەموو کامێرای چاودێری و زانیاری کۆکردنەوە دەستی پێکرد و زیاتر لە هەزار کەس گیانیان لە دەست دا و ٢٠٠ کەس ڕفێندران. پاش ئەو جینایەتە، پەلاماری درەندانەی دەوڵەتی ڕەگەزپەرەست و دەستە ڕاستی « ناتانیاهۆ» بۆ سەر خەڵکی غەزە دەستی پێکرد و بە پیی لێکوڵینەوەی ڕێکخراوە جیهانی و مرۆڤ دۆستەکان زیاتر لە ٤٤ هەزار فەلەستینی کوژران و زیاتر لە ١٠٠ هەزار کەس بریندار بوون کە ١٧ هەزار کوژراو منداڵن و زیاتر لە یەک ملیۆن کەس ئاوارە بوون. پڕیشکی ئەو شەڕە بە هەڵێک کە بۆ ناتانیاهۆ و هاوبیرەکانی هەڵکەوتبوو بە چاوساغی و دەست تێوەردانی کۆماری ئیسلامی زاڵ بە سەر ئێران، حیزبوڵڵا و لوبنانیشی گرتەوە، کە هەم زیانی ماڵی و هەم خەساری ئینسانی زۆری بۆ خەڵکی بێ دیفاعی لوبنان لێکەوتەوە و هەم ژێرخانی ئابووری و نیزامی ڕێکخراوەی کۆنەپەرست و تاوانباری حیزبوڵڵای تووشی دارمانکرد و شاخ و باڵی حیزبوڵڵا وەک داردەست و پێگەی ئەسڵی تاران لە ناوچەکە و حەماس وەک دۆست و هاوپیمانی نزیکی ئێرانیش، کورت کرایەوە. لەم شەڕ و کاولکاریەشدا قوربانی ئەسڵی خەڵکی سڤیل و بێ دیفاع و دۆڕاوی سەرەکیش ئێران و مێحوری مقاومەت و ناتانیاهۆش وەک تاوانباری شەڕ بریاری دەستبەسەرکردنی لە لایەن دادگای لاهەوە بە هەق بۆ دەرچووە

ئەم دوو شەڕە کاولکارانە و تاوانبارانە تەواو نەبوون کە شەڕی ناوخۆی سووریە جارێکی دیکە بە پەلامار و داگیرکاری گروپی جنایتکار و داعش سفەتی « تەحریر الشام» کە دەوڵەتی تورکیە و ئەردۆغان پشتیوانی دەکەن بۆ سەر حەلەب و چەند شار و شارۆچکەی دیکە دەستی پێکرد و دەستیان بە سەر دووهەم شاری گەورە و ناوەندی ئابووری سووریە و چەندین شار و شارۆچکەی دیکەدا گرت و ئەرتەشی زۆر و زەبەندی سووریە تووشی هەڵاتن و پاشەکشە هات و سیناریۆی داگیرکردنی موسڵ لەلاین داعش لە ٢٠١٤، ئەم جارە لە حەڵەب و سووریە لە حاڵی دووپات بوونەدایە ئەوەی کە بۆ ئێمە و ئەم دیدارە گرینگە جیاواز لە دژایەتی لەگەڵ شەڕ و دسەڵاتی جنایتکار و خۆسەپێنی ئەسەد و تاقمە ئیسلامییە توندڕەو و مرۆڤ کوژەکان، ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان و باقی پێکهاتەکان لە ڕۆژئاوا کە ژیانێکی ئازاد و ئینسانی لە چاو هەموو سووریە و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ژێر دەسەڵات و چاوەدێری «بەڕێوەبەری خۆسەری ڕۆژئاوا» بە سەر دەبن و یاسای دێمکراتیک بە تایبەت لە بواری مافی ژنان، مافی کەمایەتیەکان، جیایی دین لە دەوڵەت و زۆر شتی باشی دیکە پەیرەو دەکەن و چەقڵی چاوی دەوڵەتانی کۆنەپەرست و دژە ئێنسانی وەک تورکیە، سووریە و ئێرانن، پێویستە هاوسۆزی و پاڵپشتی سیاسی و بە کردەوەیان بۆ دووپات بکەینەوە لە دڵی ڕووداوە جیهانی و ناوچەیی و تەنانەت ناوخۆییەکانی هەرکام لەو وڵاتانەی کە خەڵکی کورد تێیاندا دەژین، ئەمڕۆ هەم دەرفەت و هەم بەربەسەت بۆ چارەسەری کێشەی سیاسی خەڵکی کورد کە هەرکام لەو وڵاتانەی تێیدا دەژی لە هەموو کات زیاتر لە ئارادایە. هەر بەو پێیە ئەرکێکی گرینگ و مێژوویی لە ئەستۆی حیزب و ڕێکخراوە شۆڕشگێڕ و بەرپرسەکانە کە چۆن لەگەڵ ئەو هەلومەرجە سیاست و هەڵسووکەوت دەکەن

* * * * * *

**ئەمڕۆ کێشەی سیاسی خەڵکی کوردستان (مافی دیاریکردنی چارەنووس) بووە بە بابەتێکی ناوچەیی و فەراکێشوەری. چوار دەوڵەتی داگیرکەری تورکیە، ئێران، عێراق و سووریە، لە سەرەمەرگیشدا، دژ بە مافی ڕەوای خەڵکی کورد یەکدەگرن و هەڵسووکەوت دەکەن کە هەر کام بە شکڵێک لە هاوپشتی دەسەڵاتدارانی زلهێزیش بە پێی پەیوندی و بەرژەوەندی بەهرەمەندن.**

* * * * * *

پێویستە هێزە سیاسییەکانی کوردستانیش سەرەڕای جیاوازی سیاسی، برنامە و ستراتێژ، لە بەرانبەر دوژمنی هاوبەشدا سیاسەتی هاوکاری و بەرگری ڕەچاو بکەن و پارێزەری مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان بن. هاوکار و چاوساغی ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەت دژ بە پارچەیەکی دیکەی کوردستان و ڕێکخراوە سیاسییەکانی نەبن و دەبێ بە کردەوە قەدەغە بکرێت. لە کێشەی ناوخۆییدا پەنا بۆ چەک و داگیرکەر نەبن. لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بە کردەوە هاوکار و پاڵپشتی مافی ڕەوای خەڵکی کورد بن. کۆمەڵە لەم بوارەدا خاوەن ئەزموون و ئامادەی هاوکارییەکی سلامەت و تەندروستە. وەکو سەرەتایەک بۆ تەرحی گەڵاڵەکەمان دەتوانین باسەکە ئاوا دەست پێ بکەین:

_کەس گومانی لەوەدا نییە کە کۆمەڵگای ئێران بە بارودۆخێکی قەیراناویدا تێپەڕ دەبێ. کۆماری ئیسلامی لە ئاستی ناوخۆیی و دەرەکیدا تووشی قەیران گەلێکی چارهەڵنەگر هاتووە کە ئەمڕۆ هەموو کەس باسی لێدەکات. هەر ئەو بارودۆخەیە کەگرنگی تایبەتی بەخشیوە بە کۆبونەگەلێکی لەم چەشنە. باسی ئەو بابەتە گرینگە و لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی سیاسی لێرەدا بە فەرز دەگرم و دایدەنێم بۆ دەرفەتێکی دیکە

_مەسەلەی پێویستی هاوئاهەنگی هێزە سیاسییەکانی ئۆپوزسیۆنی ڕژیم لە کوردستان هەمیشە مەترەح بووە، بەڵام ئەمڕۆ بە بۆنەی ئەو بارودۆخەوەیە کە وەکوو بابەتێکی حەیاتی و فەوری و دەتوانین بلێین تا ڕادەیەک چارەنووس ساز هاتۆتە گۆڕێ، پێویستە وڵامێکی ڕاشکاوانە و بەرپرسیارانەی پێ بدرێتەوە

_ وەڵامی ئێمە پێویستە جەماوەری خەڵک یەکگرتوتر بکات، نەک لە یەکتر دایان ببڕێت

_ وڵامی ئێمە پێویستە جەماوەری خەڵک بە سەرکەوتن ئومیدەوار بکات نەک بە هۆی جیاوازییە زۆر ئاساییەکان بێ هیوایان بکات

_ وڵامی ئێمە پێویستە ڕەنج و ئازارەکانی خەبات تا سەرکەوتن کەم بکاتەوە و ڕێگە نەدا جیاوازی واقعی ناو کۆمەڵگای کوردستان، نابەوخەت و ناپێویست سەر هەڵبدەن

_ وەڵامی ئێمە پێویستە ڕێگە لە داشکاندنی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان و چاوبەستنی خەڵک بە چەند ڕیفۆرمی ڕووکەشی بگرێت

_ وەڵامی ئێمە پێویستە ڕێگە لە سیاسەتی دوبەرەکی نانەوە لە ناو حیزبە سیاسییەکانی چالاک لە کوردستان لە لایەن دوژمنەوە بگرێت

_ وەڵامی ئێمە پێویستە تا ئەو جێگەیەی کە بە ئۆپۆزسیۆن مەربوتە، کەش و هەوایەکی دێموکراتیک و شارستانیانە بخوڵقێنێ کە هێزە سیاسییەکان ڕەخنە گرتنیان لە یەکتر بە واتای دوژمنایەتی نەبێ و گەلێک ئاسایی وەربگیرێت

_ لە پیناو وەها وەڵامێکدایە کە ئێمە خاڵە سەرەکییەکانی پرۆژەیەک پێشکەش دەکەین و ئامادەین لە سەر خاڵ بە خاڵی، بە مەبەستی ڕێکەوتنێکی ئوسوولی موناقەشەی لەسەر بکەین سیاسەتی کۆمەڵە سەبارەت بە هاوکاری و کاری هاوبەش لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی چالاک لە کوردستان

**بەڕێزان: کۆمەڵە لایەنێکی چەپ و سۆسیالیست لە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بووە و هەیە.**

کۆمەڵە بە پێی بەرپرسیارییەتییەک کە لە مەڕ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستاندا هەیەتی، لە ڕووی پێویستی لابردنی ئەو ئاستەنگانەی کە لە سەر ڕێگای بەرەوپێشچوونی ئەم بزووتنەوەیە بوونیان هەیە، هەروەها بۆ وڵامدانەوەیەکی گونجاو بە مەیلی یەکگرتنخوازانەی خەڵکی کوردستان بە مەبەستی کەڵک وەرگرتن لە هەموو هێز و تواناکانی کۆمەڵگای کوردستان لە دژی کۆماری ئیسلامی، و لە لایەکی دیکەشەوە بە مەبەستی زەمینە خۆشکردن بۆ خەبات لەپێناو نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی، کەمکردنەوەی ڕەنج و ئازار و وەلانانی دژوارییەکانی خەبات دژی ئەم ستەمە، و لە لایەکی تریشەوە سنووردارکردنی ئەگەری پیلانگێڕییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ پێکهێنانی دووبەرەکایەتی لە نێوان پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان دا لە کوردستان، بە پێویستی دەزانێت هاوکاری و یەکگرتوویی کرداریی لە نێوان هێزە سیاسییەکان دژی کۆماری ئیسلامی و هاوکاریی نێوان هەڵسووڕاوانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ناوخۆی وڵاتدا بەرفراوان بکرێتەوە

* * * * * *

**لەم پێوەندییەدا، کۆمەڵە ئەم سیاستە گشتیانەی بۆ هاوکاری و ڕێکخستنی پەیوەندییەکان لەگەڵ پارت و ڕەوتە سیاسییەکان، کەسایەتییە سیاسییە خەباتکارەکان و گرووپە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانی کوردستان پێشنیار و ڕەچاو دەکات**

**یەکەم:** پێکهێنانی کەشوهەوای دیالۆگ و گفتوگۆ، بەهێزکردنی ڕۆحی ڕەخنە و ڕۆشنگەری لە نێوان لایەنە سیاسییەکان و لە ئاستەکانی تری کۆمەڵگادا بەمەبەستی بەرەوپێشبردنی خەباتێکی سیاسی ئاشتیانە و شارستانیانەی نێوان هێزەکان و چالاکانی سیاسی لە کوردستاندا

******

**دووەم:** پابەندبوون بە پرەنسیپی ئازادیی سیاسیی بێ مەرج وەک یەکێک لە پایەکانی خەباتی سیاسی ئاشتیخوازانەی نێوان حیزب و لایەنەکانی کوردستان، ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییە دێموکراتیکەکانی جەماوەر، لەوانەش مافی چارەنووس، جیایی دین لە دەوڵەت، مافی منداڵان و ژنان و باقی ناسنامە جنسی و جێندەرییەکان و هەروەها مافی نەتەوەکانی دیکە



درێژە لە لاپەڕەی ٤

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٥٧ - بەفرانباری ١٤٠٣ - دسامبری ٢٠٢٤

**درێژەی قسە و باسی هاوڕێ حەسەن ڕەحمان پەنا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، لە وێبنارێکدا کە ڕۆژی ١٧ی سەرماوەزی ١٤٠٣ بە بەشداری حیزب و لایەنە سیاسییەکانی چالاک لە کوردستان، لە لایەن ناوەندی «لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵات لە واشنگتۆن (مێراو)»ەوە بەڕێوە چوو.**

******

**سێهەم:** بەفەرمی ناسینی پرەنسیپی مافی دەسەڵاتدارێتی خەڵک لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای کوردستان لە ڕێگەی ئۆرگانە هەڵبژێردراوەکانی جەماوەرەوە. لایەنە سیاسییەکان تەنیا لە ڕێگەی هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەر بۆ بەرنامەکانیان دەتوانن ڕۆڵیان هەبێت لە دەسەڵاتی سیاسیدا

******

**چوارەم:** دوورکەوتنەوە و خۆ بواردن لە هەر دانوستانێکی بە تاک لە لایەن هێزە سیاسییەکانەوە لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی سەبارەت بە ماف و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان. پێویستە حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە بارودۆخی سیاسی و خەباتکارانەی ئێستادا، خۆیان لە هەر جۆرە پەیوەندییەک لەگەڵ حکوومەتی ناوەند بپارێزن. ئەگەر لە هەلومەرجێکی تایبەتی و دیاریکراودا، دانوستان و گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەت لەڕووی سیاسییەوە پێویست بوو، دەبێت لە سەر ئەساسی بنەمای ڕێککەوتنێکی گشتگیر لە نێوان حیزب و لایەنە چالاکەکان لە کوردستان دا بێتە ئەنجام. هەروەها پێویستە میکانیزم و شێوازی بەرەوپێشبردنی ئاوا پەیوەندییێک بە شێوەی هاوبەش دیاری بکرێت

******

**پێنجەم:** جەختکردنەوە لەسەر سیاسەتی بەکارنەهێنانی چەک لە بەرەوپێش بردنی جیاوازیە سیاسییەکان و ڕاگەیاندنی پابەندبوونی بێ مەرج بە ئاوا بەڵێنییێک بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. بەمەبەستی دابینکردن و پابەندبوون بە وەها سیاسەتێک، پێویستە هێزی چەکداری حیزبەکان دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی، لەژێر کۆنترۆڵ و ڕێنمایی ئۆرگانە هەڵبژێردراوەکانی خەڵکدا بن

******

**شەشەم: هاوتەریب لەگەڵ بەرەوپێشبردنی ئەم ئاراستەیە، کۆمەڵە لە بارودۆخی ئێستادا، جەخت لەسەر هاوکاری لەم بوارانەی خوارەوە دەکاتەوە**

١- هاوکاری لە پێشخستنی شۆڕشی ژینا لە بوارە جیاجیاکاندا، دەستەبەرکردنی هەماهەنگیی لایەنە سیاسییەکانی چالاک لە کوردستان لەم بوارەدا و بەهێزکردنی ڕۆڵی پێشەنگانەی ژنان لەم شۆڕشەدا

٢ - گرتنەبەری سیاسەتێکی یەکگرتنخوازانە لە ناوخۆی وڵاتدا لەخزمەت بە بەهێزکردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ئێستا، هاندانی هاوکاری و یەکگرتوویی بەکردەوەی هەڵسووڕاوان بەمەبەستی بەهێزکردنی نارەزایەتییە مەدەنی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە پێشکە و تنخوازەکان

٣ - هاوکاری لە پێناو بەدەست هێنانی پاڵپشتی ماددی و مەعنەوی جەماوەر و کەسایەتییە ئازادیخوازەکان، حزب و دامەزراوە پێشکە و تنخوازەکان، ڕێکخراوە کرێکارییەکان و گروپ و ڕێکخراوە مرۆییەکان لە سەرانسەری جیهان بۆ بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان. دانانی لیژنەیەکی هاوبەش بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم بابەتە لە دەرەوەی وڵات

٤- گرتنەبەری هەڵوێستی هاوبەش، بۆ نموونە لەڕێگەی دەرکردنی بەیاننامە و بانگەوازی هاوبەش، هەروەها چالاکیی کرداری هاوبەش لە پەیوەند لەگەڵ ڕووداوە گرینگە سیاسییەکان لە کاتی پێویستدا

٥- هاوکاری لە بوارەکانی زانیاری و ئاسایشدا بەمەبەستی پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی لەدژی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و دیاریکردنی میکانیزمەکەی

٦- هاوکاری فەننی و تەکنیکی و یارمەتی گەیاندن و ئاسانکاری کردن بۆ یەکتر لە بوارە جیاجیاکانی دیکەی خەباتدا

**ئەو خاڵانەی کە لەم بەڵگەنامەیەدا ئاماژەیان پێکرا، لە هەر ئاستێکدا پەیڕەو بکرێت، نابێت ناتەبا بن لەگەڵ بەرژەوەندی گشتیی کرێکاران و خەڵکی چەوساوە لە ئێران و لە ناوچەکەدا و نابێت ببنە هۆی لاوازبوونی خەباتی یەکگرتووانە و ڕاستەوخۆی کۆمەڵانی خەڵک لەدژی کۆماری ئیسلامی و حکوومەتە سەرکوتگەرەکانی دیکە لە ناوچەکە.**

**هەر شاد بن**

****

## دایکانی دادخواز، ڕێگایەکی دوور و درێژ و خەباتێکی بەرهەمدار

کۆماری ئیسلامی ڕۆژی یەکشەممە ٢ی بەفرانبار، ڕۆژی لەدایکبوونی فاتیمەی کچی محەممەد و خەدیجەی وەک "ڕۆژی دایک" ناوزەد کردووە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە دایکان لە ئێران یەکێکن لە ئامانجەکانی سیاسەتی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی و ئەم دووڕوویی و فریوکارییەی ڕێژیم ناتوانێ ڕەنج و مەینەتییەکانی کە بەسەر دایکانی جگەرسووتاودا هاتووە و هەروەها خەبات و تێکۆشانی پڕ بەها و بەردەوامی ئەوان لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا بشارێتەوە. ئەوەی لەژێر دەسەڵاتی ئیسلامیدا بەسەر زۆربەی خەڵکی ئێران و لەوانە ژنان و دایکاندا هاتووە، چیرۆکی دڵتەزێنە کە هەمووان پێی ئاشنان. خەباتی بەکۆمەڵی دایکان، دەیەی ٦٠ی هەتاوی لە ژێر ناوی "دایکانی پێشمەرگەی کۆمەڵە" و لە سنەوە دەستی پێکرد. ئەوان ئاوێتەیەک بوون لە دایکانی پێشمەرگە گیا نبە ختکر د و وە کا ن ، دایکانی زیندانیانی سیاسی و دایکانی هەڵسووڕاوانی پێشمەرگە، کە بەشێکی زۆریان لە ڕێگەی دیدار و چاوپێکەوتنە سروشتییەکانی خۆیانەوە، پەیوەندی و ئەرکە تەشکیلاتییەکانیان بەڕێوە دەبرد. دوای ئەوە، ناوی دایکانی خاوەران بوو بە وێردی سەر زمان. ئەم ئازیزانە، دایکانی سەربەرزی هەزاران زیندانی سیاسیی شۆڕشگێڕ و خەباتکار بوون کە بە فەرمانی خومەینی لە ماوەی دوو مانگدا لە زیندان لەسێدارە دران و لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا بە خاک سپێردران. دوای ئەوان "دایکانی پارکی لالە" وەک ڕێکخراوێکی خەباتکار بە ڕیزی خەباتی ڕزگاریخوازانە و دژە کۆماری ئیسلامییەوە پەیوەست بوون. ئەوان دایکی ئەو گیانبەختکردووانەن کە لە ئاخێزی جەماوەریی ساڵی ١٣٨٨دا گیانیان لەدەستدا. ئەم دایکە تێکۆشەرانە لە پارکی لالەی تاران کۆدەبوونەوە و بەردەوام لەگەڵ هێرشی دڕندانەی بەکرێگیراوانی ڕێژیم بەرەوڕوو دەبوونەوە، لەمڕووەوە بە دایکانی پارکی لالە ناسران داواکاریی ئەم دایکانە، لە ڕاستیدا ویست و داواکاریی سەرجەم دایکانی جگەرسووتاو، دادخواز و خەباتکاری ئێران بوو. ویست و داواکارییەکانیان بریتین لە: "ئازادی بێ شەرت و مەرجی سەرجەم زیندانیانی سیاسی و ئیدئۆلۆژی، هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان و کۆتاییهێنان بە هەموو جۆرەکانی بێسەروشوێنکردن و ئەشکەنجەدان"، لێپێچینەوە و سزادانی بڕیاردەران و بەڕێوەبەرانی هەموو ئەو تاوانانەی کە لەلایەن بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ بەڕێوە چووە لە دادگایەکی ئاشکرا و دادپەروەر و جەماوەریدا، بەهرەمەنبوون لە ئازادی ڕادەربڕین، بیروباوەڕ و نووسینی بێ شەرت و مەرج، مافی لەبەرکردنی جل و بەرگی ئیختیاری و مافی کۆنترۆڵکردنی جەستە بەبێ هیچ مەرجێک، بەهرەمەندبوون لە مافی دەربڕینی نارەزایەتی، مانگرتن، کۆبوونەوە، ڕێکخراوبوون، پێکهێنانی ڕێکخراو و حزبی سەربەخۆ، بەهرەمەندبوون لە مافی یەکسانی شارۆمەندی و هەروەها نەهێشتنی هەر چەشنە هەڵاواردنێک و جیایی دین لە دەوڵەت. مانگی ژوئەنی ساڵی ٢٠٢٣ "ئەنجومەنی دایکانی دادخوازی خەزەڵوەری ٩٨"، بوونی خۆیان ڕاگەیاند. مەبەست لە پێکهێنانی ئەم ئەنجومەنە بریتی بوو لە "وەبیرهێنانەوەی جینایەتەکانی مانگی خەزەڵوەری ٩٨، بەڵگەنامەکردن و تۆمارکردنی دۆسیە بۆ دادخوازیی ئەو کۆمەڵکوژییە". ڕۆژی ١١ی ژوئەنی ٢٠٢٣، دایکانی دادخوازی کوردستان، لە درێژەی خەبات و تێکۆشانی لە مێژینەی خۆیاندا لە دژی ڕێژیم، بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک لە ژێر ناوی: "دایکانی شۆڕش"، ڕێکخراوی نوێی خۆیان وەک بەشێک لە دایکانی "شۆڕشی ژینا" ڕاگەیاند. ماه مونیر مەولایی ڕاد، دایکی بوێر، وشیار و خەباتکاری کیان پیر فەلەک، یەکێک لەو خەباتکارانە بوو کە لەو سەردەمەدا درەوشایەوە دایکانی بەلوچ دوای کۆمەڵکوژییەکەی ناسراو بە هەینی خوێناوی زاهیدان، سەریان هەڵدا. لە مانگی خەزەڵوەری هەمان ساڵدا، "کۆمەڵەی دایکانی پێشڕەو" لە ڕێگەی بەیاننامەیەکەوە بوونی خۆی ڕاگەیاند و تا ئێستا چەندین ڕاگەیاندنیان بڵاوکردووەتەوە. ئەوان کۆمەڵێک لە دایکانی قوتابیانی قوتابخانە و شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران و بەشداربووانی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینان. دایکانی ناو ئەو ڕێکخراوانەی کە ئاماژەیان پێکرا، لە نوێترین چالاکی خۆیاندا، ڕۆژی هەینی ٣٠ی سەرماوەز، شەوی یەڵدا (درێژترین شەوی ساڵ)، وەک نەریتێکی خەباتکارانە، چ وەک بنەماڵە، چ وەک تاک و یان بەکۆمەڵ، لە سەر گڵکۆی جگەرگۆشە گیا نبە ختکر د و وە کا نیا ن کۆبوونەوە و سەرەڕای هەڕەشە و گوڕەشەی مەئموورانی بەکرێگیراوی ڕێژیم، گڵکۆی ئازیزانیان گوڵباران کرد. لەم کۆبوونەوانەدا دایکان و باوکان و خزم و دۆستان لە قسە و باسەکانیاندا، لەسەر درێژەدان بە ڕێبازی خەباتکارانە و شۆڕشگێڕانەی گیانبەختکردوان، جەختیان کردەوە. پەرەسەندنی خەبات و تێکۆشانی دایکانی دادخواز، هاوکات لەگەڵ خەباتی ژنانی ئازادیپووش وەک دڕکی چاوی کۆماری ئیسلامی و زمانحاڵەکانی، نیشانەی لاوازبوونی بەرچاوی هێز و هەیمەنەی ئەم ڕێژیمەیە لە ئاست جەماوەری خەباتکاری ئێراندا

****

# ڕاگەیاندنی بەڕێوەچوونی شەشەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

بەمجۆرە ئاگادارتان دەکەین کە پلینۆمی شەشەمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە هەڵبژێردراوی کۆنگرەی هەژدەیەم، لە ڕۆژەکانی شەممە و یەکشەممە، ٢٤ و ٢٥ی سەرماوەزی١٤٠٣ی هەتاوی، ڕێکەوتی ١٤ و ١٥ی دێسامبری ٢٠٢٤ی زایینی، بە بەشداریی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە و ئامادەبوونی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، ئەندامانی کۆمیتەی دەرەوەی وڵات و چەند هاورێ لە کادیرانی حیزب بەڕێوەچوو پلینۆم بە سروودی ئەنترناسیۆناڵ و خولەکێک ڕاگرتنی بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی گیانبەختکردوانی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم دەستی پێکرد. بەرنامەی کاری ئەم پلینۆمە بریتی بوو لە پێشکەشکردنی ڕاپورتی سیاسی و تەشکیلاتی کۆمیتەی ڕێبەریی بە پلینۆم، تاووتوێ کردنی بڕیار و پێشنیارەکان، دابەشکردنی کار و ئەرکە ناوخۆییەکان و ڕێکخستنی ئۆرگانە ناوەندییەکانی کۆمەڵە ناوەرۆکی ڕاپۆرتەکە بریتی بوو لە چاوخشاندنێک بەسەر گرنگترین پێشهاتەکانی ناوچەکە، ڕەوتە سەرەکییەکانی دۆخی سیاسی ئێران، بارودۆخی سیاسی کوردستان و ئەولەوییەتەکانی ئەم قۆناغەی کار و چالاکییە سیاسی و تەشکیلاتییەکانی کۆمەڵە لە ڕاپۆرتە سیاسییەکەدا تیشک خرایە سەر سێ پێشهاتی بنەڕەتی کە هەریەکەیان بە نۆرەیخۆی، یەکێک لە تەوەرەکانی شکستی ستراتیژیک و ئەو شوناسانەی کە کۆماری ئیسلامی نوێنەرایەتی دەکەن یەکەم: شکستی سیاسەتە ناوچەییەکانی کۆماری ئیسلامی. ڕووخانی دیکتاتۆریی بەشار ئەسەد لە سووریە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەپێناو پاراستن و هێشتنەوەیدا، هەزاران کەسی بە کوشتن دا و دەیان ملیارد دۆلار لە سەروەت و سامانی خەڵکی ئێرانی خەرج کردبوو، شکستی حیزبوڵڵا لە لوبنان، وەک گوڵی سەرتۆپی هێزە لایەنگرەکانی کۆماری ئیسلامی، کە سەنگەری پێشەوەی ڕێژیمی ئێرانی لە بەرامبەر ئیسرائیلدا پێکهێنابوو، بە یەکێک لە گەورەترین شکستەکانی سیاسەتی دەرەوە دادەنرێت لە ماوەی دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامی دا دووەم: دەستەوەستان و پاسیڤبوونی بەتەواو مانا لە بەرامبەر جینایەتەکانی دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل لەدژی خەڵکی فەلەستین لە غەززە، پێملبوون بە گفتوگۆ و سازان لەگەڵ ترامپ سەرۆک کۆماری نوێی ئەمریکا، لەژێر ئەو گوشارە ئابوورییە وێرانکارانەی کە بەسەر کۆماری ئیسلامیدا سەپێندراوە، لە کاتێکدایە کە تەنیا چەند مانگ لەمەوبەر، وەک بکوژی قاسم سلێمانی، بەمەستی کوشتنی، خەڵاتی بۆ دیاریکردبوو سێیەم: شکستهێنانی لە ئاست ژنانی ئازادپۆشدا لە داسەپاندنی حیجابی زۆرەملێ. پرۆژە یاسای حیجابی زۆرەملێ، لە کاتێکدا بووەتە یاسا کە دەوڵەتی پزیشکیان بە فەرمی ڕایگەیاندووە کە توانایی جێبەجێکردنی نییە و بۆ سەرلەنوێ پێداچوونەوە، ڕەوانەی شۆڕای ئەمنییەتی میللی کراوە. جگە لەوەش، ئەم یاسایە لەسەر شەقام و شوێنە گشتییەکان، سەرەڕای سەرکوت و توندوتیژیی مەئموورانی ڕێژیم، بە ئاشکرا پێشێل دەکرێ و هیچ گرنگییەکی پێنادرێت . پلینۆم لەهەمانکاتدا ئەم شکستانەی بە شکستی شەخسی وەلی فەقی و سپای پاسداران، وەک ئامرازێکی سەرکوت لە دەستی ئەودا زانی، کە پێداگریی لەسەر هەرکام لەوانەی کردبوو بە شوناسی ئیدئۆلۆژیک و سیاسیی خۆی. پلینۆم دەرئەنجامە کردەییەکانی پاشەکشەی کۆماری ئیسلامی لە هەریەک لەو میحوەرانە بە وردی تاوتوێ کرد و گەیشتە ئەو ئاکامەی کە کۆماری ئیسلامی لە یەکێک لە دژوارترین و مەترسیدارترین قۆناغەکانی ژیانی خۆیدایە. لەم پێوەندییەدا، ئەگەرە سیاسییەکانی داهاتوو و سیناریۆ جۆراوجۆرەکان لە پێشهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکە و ئێران، بە تێروتەسەلی قسەوباسیان لەسەر کرا و لەسەر پێویستی ئامادەیی کۆمەڵە، لە ئەگەری هاتنەئارای هەرکام لەو سیناریۆیانە، جەخت کرایەوە و کۆمەڵێک ڕێکاری دیاریکراو خرایە دەستووری کاری تەشکیلاتی کۆمەڵە لە کوردستان. ڕووداوەکانی سووریە و دەنگدانەوەناوچەییەکانی، بەشێکی دیکە بوو لە ڕاپۆرتی سیاسی بە پلینۆم. لەم پێوەندییەدا بە تایبەتی جەخت لەسەر ئەو مەترسیانە کراوە کە لەلایەن دەوڵەتی نوێی سووریە و دەوڵەتی تورکیەوە هەڕەشەن بۆسەر بزووتنەوەی ڕۆژئاوا و دەستکەوتەکانی و هەروەها پشتیوانی لەم بزووتنەوەیە لە بەرامبەر ئەو مەترسیانەدا، وەک یەکێک لە ئەرکەکانی کۆمەڵە لەم قۆناغەدا دیاریکرا هەروەها پلینۆم سەرلەنوێ لەسەر زیانەکانی پشتبەستن بە دەستێوەردانی دەوڵەتە دەرەکییەکان بەمەبەستی گۆڕینی ڕێژیم و دەستەبەرکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد و پشتبەستنی بێ ڕاڕاییمان بە خەباتی کرێکاران، ژنانی ئازادیخواز و کۆمەڵانی خەڵکی مافخواز لە ئێران و لە کوردستان، جەختی کردەوە. دوە نارەزایەتی و داواکاری تەوەرکان، گرنگی چالاکییە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان، گرنگی بەهێزکردنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئاخێزی ژن، ژیان، ئازادی، بەهێزکردنی ناوەرۆکی چەپ و سۆسیالیستی ئەم ئاخێزە، هێڵە گشتیەکانی سیاسەت و ڕێکارەکان بۆ هەڵسووڕاوان و تێکۆشەرانی کۆمەڵە لەم پێوەندییەدا، لە زومرەی خاڵە سەرەکییەکانی دیکەی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ڕێبەریی کۆمەڵە بوو بە پلینۆم. ڕاپۆرتەکە هەروەها لە بواری ڕێکخستنی حیزبیدا، لەسەر پێویستی پێداچوونەوە بە سیاسەتی خۆڕێکخستنمان و گونجاندنی داهێنەرانەی لەگەڵ هەلومەرجی نوێدا، جەختی کردەوە. لەمپێوەندییەدا باس لەوە کرا کە پێویستەسەربەخۆیی ئەو تۆڕ و ڕایەڵانەی هەڵسووڕاوانکە بە شێوەیەکی سروشتی ئاوێتەی یەکترن و لێک هەڵپێکراون، بە فەرمی بناسرێن و گەشەپێدان و پەروەردەکردنی کادر لەناو ئەم تۆڕو ڕایەڵانەدا لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوەئەنجام بدرێت ڕاپۆرتەکەی پلینۆم هەروەها سەبارەت بە ڕێکخراوبوونی جەماوەرییش، جەختی لەوە کردەوە کە بە درێژایی ساڵانی رابردوو سەرەڕای بوونی دیکتاتۆرییەت و سەرکوتی لەڕادەبەدەر، ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لە کوردستان، لە شکڵ و شێوازی جۆراوجۆردا سەریان هەڵداوە. لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا پێویستە پێشوازی بکرێت لە پێکهاتنی هەر ڕێکخراوێکی کە هێزی کۆمەڵایەتی لەپێناو گەیشتن بە ئامانجە ڕەوا و ئینسانییەکان و دابینکردنی پێداویستییە ڕەواکانی جەماوەردا بەکار دەهێنێت. هەروەها بڕیاردرا کە هێڵە سەرەکییەکانی هەردوو سیاسەتی ڕێکخستنی حیزبی و ئاشکرا، لە سیمینارێکدا وردبینی و لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت و بکرێن بە ڕێکار و ڕێنماییەکی دیاریکراو سەبارەت بە سیاسەتی هاوکاری لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی چالاک لە کوردستان، پلینۆم سەرلەنوێ لەسەر هێڵە گشتییەکانی ئەم سیاسەتە کە لە کۆنگرەی هەژدەی کۆمەڵە لەچوارچێوەی بڕیارنامەیەکی هەمەلایەنەدا پەسەند کرا، جەختی کردەوە. لەم پێوەندییەدا و بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی کردەیی ئەم سیاسەتە، کۆمەڵێک ئەرکی دیاریکراو خرایە بەرنامەی کاری کۆمیتەی ڕێبەریی کۆمەڵەوە دوا بەشی ڕاپۆرتەکە لە پێوەندی لەگەڵ ئەولەویەتەکانی ئێمە لەم قۆناغەدا، بریتی بوو لە جەختکردنەوە لەسەر دابینکردنی پێداویستییە کردارییەکان بۆ مانەوە و درێژەدانبە کار و هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان. لەو پێوەندییەدا جارێکی دیکە لەسەر پێویستی سەرلەنوێ چاوخشاندنەوە بە بڕیاری سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە بەشێکە لە "حکومەتی هەرێمی کوردستان"، سەبارەت بە گواستنەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی هەتا ئێستای هێزە سیاسییەکان بۆ شوێنێکی تر، کە نە پێویستە و نە خوازراوە، پێداگری کرایەوە بەشداریی چالاکانەی هاورێیانی ئامادەبووی پلینۆم، بابەتەکانی ئەم ڕاپۆرتەی وردتر و دەوڵەمەندتر کرد و هێڵە گشتییەکانی وەک ئاراستەی سیاسی ئێمە لە قۆناغی داهاتوودا پەسەند کرد. لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم ڕاپۆرتە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانی کۆمەڵەوە بەوردی بە ئاگاداری ڕای گشتی دەگات لە بەشی ڕاپۆرتی تەشکیلاتیدا، لایەنە جۆراوجۆرەکانی کار و چالاکیی تەشکیلاتی کۆمەڵە، بە تایبەت چالاکیی لە شوێنی کار و ژیانی کۆمەڵانی خەڵک لە هەناوی شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"دا، خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە و گرنگییەکی تایبەتی پێدرا. لە کۆتایی کاری پلینۆم دا، ئۆرگانە ناوەندییەکانی کۆمەڵە ڕێکخران و پێگەی هەریەک لە هاورێیان تێیاندا دەستنیشان کرا

**کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە**
**(ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)**
**٢٥ی سەرماوەزی ١٤٠٣**
**١٥ی دێسامبری ٢٠٢٤**

پێشڕەو
ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
ئێدیتۆر:
ئیبراهیم علیزاده

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان
Add:
Sulaymaniyeh - Rizgari st
Tel: 00964-7701567854
نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات:
Tel: 0046-738041917

تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کۆمەڵە
Yahsat 1A 52.5E
Ferq: 12149
SymbolRate: 27500
Fec : Auto
www.tvkomala.com

ڕادیۆکان
بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر ماهوارەی یاهست باش بڵاوبوونەوی بەرنامەکانی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە بڵاو دەبێتەوە.

# ئاگری خەبات و تێکۆشان لە هەموو لایەکەوە بڵێسە دەستێنێ




لە کاتێکدا کە لە لایەکەوە بزووتنەوە نارەزایەتییەکان و بزووتنەوە داواکاری تەوەرە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرانسەری ئێران لە ئارادایە و سیاسەتە ناوچەییەکانی کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی سەرشۆڕانە لەگەڵ شکست بەرەوڕوو بووەتەوە، لە لایەکی دیکەوە سزای لەسێدارەدان لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بێ پسانەوە بەڕێوە دەچێت. ئەم ڕێژیمە کە توانایی کپکردنی دەنگی ئەو جەماوەرە مافخوازەی نییە کە بژێوی ژیان و سەرەتاییترین مافە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکانیان بە بارمتە گیراوە، هەوڵ دەدات بە بەڕێوەبردنی سیاسەتی ترس و تۆقاندن لە ڕێگەی ئێعدامەوە، کۆمەڵگا کۆنترۆڵ بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت پایەکانی تری دەسەڵاتە لەرزۆکەکەی تا ماوەیەکی دیکە بپارێزێت. هەرچەندە زۆربەی ئێعدامەکان ئەو زیندانیانەن کە لە دادگا ئاساییەکاندا سزایان بەسەردا سەپێنراوە، بەڵام ناوە لەگەڵ جێبەجێکردنی سزای ئەو زیندانیانەدا، کەسانێکیش لە زیندانییە سیاسییەکان لە سێدارە دەدەن بۆ ئەوەی وەک خۆیان دەڵێن، ئاستی تەحەمولی کۆمەڵگا بەرامبەر بەم جینایەتانە تاقی بکەنەوە. بەڵام ئاخێزە جەماوەرییەکانی زستانی ٩٦ و پاییزی ٩٨ و ئاخێزی شۆڕشگێڕانە و بەردەوامی ژن، ژیان، ئازادی، بە ڕوونی نیشانی دا کە جەماوەری ناڕازی و وەگیانهاتوو نەک هەر لەئاست ستەم و سەرکوتگەرییەکانی ڕێژیم ترسیان ڕژاوە، بەڵکوو توڕەیی و نەفرەتی ئاوێتە لەگەڵ وشیاری و بەهێزبوونی هاوپشتی جەماوەری هاوچارەنووس، بەردەوام لە هەموو ڕەهەندەکانی کۆمەڵگادا پەرە دەستێنێت ئامارە فەرمییەکان دەریدەخەن کە کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ٢٠٢٤دا لانیکەم ٩٥٣ کەسی لە سێدارە داوە کە لەو ژمارەیە نزیکەی ٣٣ کەسیان ژن بوون و ٨ کەسیشیان زیندانی سیاسی بوون. هەروەها لە ماوەی ئەو یەک ساڵەدا نزیکەی ٩٦ کەس لە خەڵکی کوردستان و ١٠١ کەسیش لە خەڵکی بەلووچیان بە بیانووی جۆراوجۆر لەسێدارە داوە. لە ناو ئێعدام کراوەکاندا، ئەو منداڵانەش بوونیان هەیە کە لە کاتی ئەنجامی تاوانەکەدا تەمەنیان لە خوار ١٨ ساڵەوە بووە. لە نێو سەرجەم ئەو وڵاتانەی کە هێشتا سزای دڕندانەی لەسێدارەدان تێیاندا بەڕێوە دەچێت، کۆماری ئیسلامی تاکە حکومەت بووە کە "تاوانبارانی منداڵ"ی لە سێدارە داوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، ئێران وەک گەورەترین بەڕێوەبەری ئێعدامی "تاوانبارانی منداڵ" لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا دەستنیشان کراوە. یەکێک لە کاریگەرترین مەیدانەکانی خەبات بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان، بریتییە لە کەمپەینی "سێ شەممەکانی نا بۆ لەسێدارەدان" و مانگرتن لە خواردنی زیندانیانی سیاسی لە ڕۆژەکانی سێشەممەی هەموو حەوتوویەک، لە نارەزایەتیی بەرامبەر بە پەرەسەندن و بەڕێوەچوونی بەردەوامی ئێعدامەکان لە ئێران. ئەم کەمپەینە خەباتکارانەی زیندانیانی سیاسی، مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٤٠٢ لە زیندانەکانی ئێران دەستی پێکرد و ئێستا لە ٣٨هەمین هەفتەی خۆیدایە. ئەم زیندانیانە وێڕای ئیدانەکردنی سزای لەسێدارەدان وەک سزایەکی نامرۆڤانە و قەرەبوو نەکراوە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی جۆری تۆمەت یان پاڵنەر و باوەڕی ئەو کەسانەی کە سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنراوە، خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەم سزایەن. تا ئێستا ٢٨ زیندان لە سەرانسەری ئێران بەم کەمپەینەوە پەیوەست بوون. مافی ژیان، یەکێکە لە بنەڕەتی ترین مافەکانی مرۆڤ کە نابێت لە هیچ بارودۆخێکدا، بکەوێتە ژێر کاریگەری گوشاری سیاسی و ئیدئۆلۆژییەوە. بەڵام زەوتکردنی ئەم مافە سەرەتاییەی مرۆڤ لە ئێران، هاوکات لەگەڵ هاتنەسەرکاری حکوومەتی ئیسلامی دەستی پێکرد. ئەم ڕێژیمە سزای لەسێدارەدانی وەک توندوتیژییەکی بە ئەنقەست و ڕێکخراو بۆ لەناوبردنی نەیارانی سیاسی، ناڕازییانی کۆمەڵایەتی و قوربانیانی دەستی ئەم نیزامە ستەمکارە سەرمایەدارییە، بە کار هێناوە. سزای لە سێدارەدان بەردەوام یەکێک بووە لە پایەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەمەبەستی چاوترسێنکردنی جەماوەر. ئەم جینایەتە سەرەتا بە لەسێدارەدانی ئەو بەرپرسانەی ڕێژیمی شا دەستی پێکرد کە لەلایەن ڕژێمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی ئیسلامییەوە دەستبەسەر و زیندانی کرابوون، بەڵام هەر زۆر زوو بە پانتایی هەموو ئێران خەباتکاران و دژبەرانی ڕێژیمیشی گرتەوە. سەرلەنوێ دەستبەسەر کردنەوە و دواتر لەسێدارەدانی دەیان سیمای ناسراوی ناو زیندانەکانی ساواک کە لە ئاکامی ڕاپەڕینی جەماوەریدا ئازاد بون لە بەهاری ساڵی ١٣٥٨وە دەستپێکرد. لەسێدارەدانی خەباتکاران و ڕێبەرانی خەڵکی تورکمان سەحرا لە کاتی نارەزایەتییەکانی بەهاری ئەو ساڵەدا، لەسێدارەدانی بەربڵاو لە شارە جۆربەجۆرەکانی پارێزگاکانی کرماشان، کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، لە لایەن خاڵخاڵی جەلاد و بە فەرمانی شەرعی و حکوومەتی خومەینی، لەسێدارەدانی ژنان، خوێندکاران، کرێکاران و ڕووناکبیرانی بەدەروەست و ناڕازی دژ بە نیزامی ئیسلامی لە هەر گۆشە و کەنارێکی ئێران، لە زومرەی کارنامەی حکوومەتی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی ئیسلامییە حکوومەتی ئیسلامی، بە لەسێدارەدانی بەکۆمەڵ و کوشتاری سەر شەقامەکان و ئەشکەنجەی دڕندانە لە زیندانەکان لە ساڵەکانی سەرەتای دەیەی شەست دا، شۆڕشی ئێرانی کە بە ئامانجی گەیشتن بە ئازادی و ژیانێکی باشتر دەستی پێکردبوو، لەگەڵ شکست بەرەوڕوو کردەوە. کوشتار و کۆمەڵکوژی هەزاران زیندانی، کە دوابەدوای شکستی ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی لە شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق، هاتە ئاراوە و گەیشتە لوتکە، بەجۆرێک کە لە ماوەی دوو مانگدا کۆتاییان بە ژیانی هەزاران زیندانی هێنا. ئەوەی کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٦ ساڵ دەسەڵاتی سەرکوتگەرانەی خۆیاندا، سزای لەسێدارەدانی دەوڵەتییان وەک ئامرازێک بۆ چاوترسێنکردنی جەماوەر و بە مەبەستی پاراستنی دەسەڵاتی ڕەهای خۆیان بەکارهێناوە، ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە. ئەم ڕژێمە کە تا ساڵێک لەمەوبەر ئیدیعای ئەوەی دەکرد لە پێنج پایتەختی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سیاسەت دیاری دەکات و حوکمڕانی دەکات، ئێستا ئیتر تەنیا بە پشتبەستن بە ئامرازی تیرۆر، لەسێدارەدان، زیندانیکردن و ئەشکەنجە، توانیویەتی درێژە بە دەسەڵاتی خۆی بدات. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە، ئاگری ژێر خۆڵەمێشی نەفرەت و بێزاری جەماوەر لە ڕێژیمی سەرکوتگەر هەرگیز نەکوژاوەتەوە و ئەمڕۆ ئاگری خەبات و بەرخۆدان لە هەموو لایەکەوە، بڵێسە دەستێنێ

****

**لاپەڕە فەرمیەکان لە سۆشیال میدیا**

@Komalamedia

@Komala

**ماڵپەڕی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

Tvkomala.com

**ماڵپەڕی هەواڵنێری پەیام**

Payaam.net

**ماڵپەڕە حیزبیەکان**

Komalah.org

Cpiran.net

yadihawrean.com

# ڕووداوەکانی سووریە، ناکامییەکانی کۆماری ئیسلامی و ئاسۆی شۆڕش

## هەڵسەنگاندنی هاوبەشی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و هەیئەتی ئیجرایی ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (ڕاهی کارگەر)



**یەکەم:** دیمەنی ڕووداوە سیاسی و مەیدانییەکانی سووریە، بەهۆی دەستێوەردانی وڵاتانی ناوچەکە لەوانە ئێران، تورکیە، قەتەر، سعودیە، ئیسرائیل، هەروەها وڵاتەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، و ڕووسیە و ئەکتەرە ناوخۆییەکانی وەک بەشار ئەسەد، گروپە ئیسلامییە جیهادییەکان، هێزەکانی سوریای دێموکراتیک و ئەرتەشی میللی سووریە، سەرەنجام لە ٨ی دێسامبر دا کۆتایی بە ٥٣ ساڵ دەسەڵاتی ستەمکاری بنەماڵەی ئەسەد بەسەر سووریەدا هێنا. بەرەی گرووپە ئیسلامییەکانی تەحریر شام لە ماوەی کەمتر لە هەفتەیەکدا، ڕێگەی سێزدە ساڵەی شەڕی ناوخۆییان بڕی و تا ناوەندی دیکتاتۆرییەتی بەشار ئەسەد لە دیمەشق پێشڕەوییان کرد و دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت. کاروانی ئۆتۆمبیلە تۆزاوییەکانی چەکدارانی ئیسلامیی بەرەی تەحریر شام، بە سیمایەکی پیاوانە و کلاشینکۆف بە دەست و ڕیش درێژ و بە دروشمی "ئەڵڵاهو ئەکبەر"، کە بەبێ خۆڕاگریی، یەک لە دوای یەک دەستیان بەسەر شارەکانی سووریەدا گرت، نە هیچ وێکچوونێکی لەگەڵ شۆڕش بە مانا ئاساییەکەی هەبوو و نە هەڵگری داواکاری و دروشمێکی ڕوون بوو کە مژدەی داهاتوویەکی باشتر و ڕزگاربوون لە دەست دیکتاتۆری خوێنمژی بەشار ئەسەد ببەخشێت. لە کاتێکدا کە بەشێکی زۆری خەڵکی سووریە، کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی بەشار ئەسەدیان لەسەر شەقامەکان جێژن گرت، بەشێکی دیکەیان کە لە دەست زیاتر لە دە ساڵ شەڕ و ئاوارەیی و سەرکوتی ڕژێمی ئەسەد بێزار بوون، بە گومان و نیگەرانییەوە سەیری داهاتوویان دەکرد. سەرەڕای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد و بەدەسەڵات گەیشتنی گرووپی ئیسلامیی تەحریر شام، شەڕ و تێکهەڵچوونەکان هەروا بەردەوامە. گرووپە میلیشیاکانی سەر بە تورکیە، هێرش دەکەنە سەر پێگەی هێزەکانی سووریای دێموکراتیک و شەڕ لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئەو هێزانە لە ئارادایە. هاوکات ئیسرائیل ئەو دەرفەتەی قۆستۆتەوە و بەشێک لە خاکی سووریەی داگیرکردووە. لە ماوەی هەفتەی ڕابردوودا ئیسرائیل زیانێکی زۆری بە توانایە نیزامی و کەرەستە ستراتیژییەکان و ژێرخانی پیشەسازی سووریە گەیاندووە و تا ڕادەیەکی زۆر وێرانی کردوون

**دووەم:** حکوومەتی سووریە، هاوشێوەی دەوڵەت نەتەوە زۆرەملێکانی دیکەی دوای شەڕی جیهانی یەکەم و ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ، لەسەر بنەمای چڕبوونەوەی دەسەڵات لە دەست تاقمێکی دیاریکراودا بە بەهای چەوساندنەوە، هەڵاواردن، سەرکوت و ئینکاری شوناسەکانی تر دامەزرابوو. ئەم پێکهاتەیە خۆی بوو بە سەرچاوەی دژوازی و ململانێی چارەسەرنەکراوی شوناسی ئایینی، زمانی، ئێتنیکی و نەتەوەیی. عەرەبەکان، کوردەکان، تورکمانەکان، ئاشوورییەکان، ئەرمەنییەکان، چیچانییەکان و هەروەها گرووپە ئایینیەکان لەوان موسڵمانانی سوننە و شیعە، مەسیحی، دروزی و ئێزیدییەکان، لە زومرەی ئەو شوناسانەی نیشتەجێی سووریە بوون کە هەریەکەیان بە جۆرێک لە جۆرەکان لەژێر دەسەڵاتی حیزبی بەعسی سووریە دا لەگەڵ هەڵاواردن و بێ مافی بەرەوڕوو بوونەوە. بۆ نموونە دەوڵەتی ناوەندی سووریە لە ڕێگەی سیاسەتی دژە ئینسانی و نەژادپەرستانەی "تەعریب"ەوە ناوچەی کوردستانی سووریەی لە گەشەی ژێرخان و پیشەسازی بێبەش کرد. ئەم ناوچەیە کە بەهرەمەند بوو لە سەرچاوەکانی وەک پاڵاوگەکانی نەوت و کشتوکاڵی پڕ پیتی کەنارەکانی فورات و ژێرخانی گەشەسەندوو، بە ئەنقەست لە هەژاری و دواکەوتوویدا ڕاگیرا. تا بەر لە ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ٢٠١١، زۆرێک لە کوردەکانی سووریە تەنانەت لە مافە سەرەتاییەکانی وەک وەرگرتنی ناسنامە، ڕەگەزنامەی سووریە، خاوەندارێتی زەوی، خوێندنی بێبەرامبەر، خزمەتگوزاری تەندروستی گشتی، دامەزراندن لە کەرتە دەوڵەتییەکان، تۆماری هاوسەرگیری و لەدایکبوون و وەرگرتنی پاسپۆرت بێبەش بوون. جگە لە هەڵاواردنی سیستماتیک، ئابووری سووریەش دوای ١٣ ساڵ شەڕی ناوخۆ، زیانێکی زۆری بەرکەوتووە. ئەم شەڕە ناوخۆیە بووە هۆی لەناوچوونی ژێرخان و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵ. زیاتر لە ٥٠٠ هەزار کەس گیانیان لەدەستدا و زیاتر لە ١٢ ملیۆن کەسیش ئاوارەبوون. هەر ئێستا زیاتر لە ٩٠٪ی دانیشتوانی سووریە پێویستیان بە هاوکاری مرۆیی هەیە. ئەم هەلومەرجە ناوخۆییە و بەردەوامیی یەکێک لە دەسەڵاتە هەرە ستەمکارەکانی سەردەم، بووە هۆی ئەوەی کە نە لە ئەرتەش و نە لە لایەنەکانی سەر بە حکوومەت و نە لە خودی بەشار ئەسەدیشدا، هیچ ئیرادەیەک بۆ خۆڕاگریی بوونی نەبێت. ئەرتەشی سووریە کە بەهۆی ١٣ ساڵ شەڕی ناوخۆییەوە لاواز و ماندوو ببوو، غافلگیر کرا و هیچ پاڵنەرێکی بۆ بەرەنگاربوونەوە نەما و بە کردەوە داڕما. لەم بارودۆخەدا، هاوپەیمانەکانی بەشار ئەسەدیش نەیانتوانی پێش بە ڕووخانی ڕژێمەکەی بگرن. ڕووسیە کە خۆی گرفتاری شەڕ لەگەڵ ئۆکراینە، نەیتوانی هاوکێشەکانی سووریە بگۆڕێت و پێدەچێت بە هیوای وەرگرتنی هەندێک ئیمتیاز لە دەوڵەتی ئەمریکا بە تایبەت لە ئوکراین، پشتی ڕژێمی ئەسەدی بەردابێت. حیزبوڵڵای لوبنان کە لە شەڕ لەگەڵ ئیسرائیلدا بەڕادەیەکی زۆر لاواز ببوو، تەنانەت توانایی پاراستنی پێگەی خۆی لەدەست دابوو، چ بگات بە پشتیوانی لە بەشار ئەسەد. حکوومەتی ئێران کە جگە لە لەدەستدانی هەزاران هێزی نیزامی لە سورۆریە، زیاتر لە ٣٠ ملیارد دۆلار لە سەروەت و سامانی وڵاتی لەپێناو پاراستنی بەشار ئەسەد دا خەرج کردبوو، وەک زەرەرمەند و دۆڕاوی سەرەکی ئەم قەیرانە سیاسییە ناسێندرا. ئەم تێچووە زۆر و زەوەندە کە لە سەرچاوەی داهاتی خەڵک و چەوسانەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران دابین کرابوو، دواجار نەیانتوانی مانەوەی ڕژێمی ئەسەد گەرەنتی بکات

**سێهەم:** ئێستا دەسەڵاتی سیاسی سووریە، بەم فرەچەشنی ئێتنیکی و فەرهەنگییەوە، لە دەستی گرووپێکی بناژۆخوازی سوننەدایە کە لە ڕووی سیاسییەوە گوێڕایەڵی دەوڵەتی تورکیایە. تا ئەم ساتەوەختە دەوڵەتی تورکیە وەک یەکێک لە پارێزگاکانی خۆی چاو لە سووریە دەکات و سیاسەتەکانی خۆی دەکات بە ڕێنمای دەسەڵاتدارانی نوێ. گرووپی سەلەفیی بەرەی تەحریر شام کە پێشتر بەهۆی جینایەتەکانییەوە لە لیستی تیرۆری وڵاتەکانی ڕۆژئاوادا بوو، ئێستا جگە لە ناوچە کوردنشین و عەرەبییەکانی ژێر دەسەڵاتی سیستەمی خۆبەڕێوەبەر، کۆنترۆڵی باقی ناوچەکانی سووریای بەدەستەوە گرتووە. ئەحمەد ئەلشەرع ڕێبەری ئەم گرووپە، کە لەناو گرووپە ئیسلامییەکانی داعش و قاعیدەدا پەروەردە بووە، لە سەر بەستێنی لاوازبوونی ئیسلامی سیاسیی لە ناوچەکە، هەوڵ دەدات سیمایەکی میانڕەو لەخۆی نیشان بدات. تا ئێستا ئایندەی سووریە ڕوون نییە. ئەگەرچی گرووپی بەرەی تەحریر شام، باس لە دەستەبەرکردنی مافی کەمینەکان، تەحەمول نەکردنی حیجابی زۆرەملێ و هیتر دەکات، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی سروشت و ڕابردووی ئەو گرووپانە، لە بەڕێوەبردنی پارێزگای ئیدلب و بەتایبەتی پابەندبوونیان بە سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی ئەردۆغان، ئەستەمە داهاتوویەکی باشتر لە سەردەمی دیکتاتۆریی بەشار ئەسەد، بۆ سووریە چاوەڕوان بکرێت. دەبێ چاوەڕوان بین تا بزانین لە چەند هەفتەی داهاتوودا هاوسەنگی هێز لە سووریە چۆن دەبێت. وڵاتێکی کە لە ئاکامی سێزدە ساڵ شەڕی ناوخۆدا لە ڕووی ئابوورییەوە داڕماوە و زۆربەی ژێرخانە ئابووری و کشتوکاڵییەکانی لەدەست داوە و ئێستاش لە ژێر کۆنترۆڵی گرووپە داعشی و ئەلقاعیدەکانی پێشووتر دایە، داهاتوویەکی نادیاری هەیە

**چوارەم:** بەڵام سەرەڕای گۆڕانی دەسەڵاتی سیاسی لە دیمەشق، بەشێکی زۆری ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژهەڵاتی ڕوباری فورات، هەر هێشتاش لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی سووریای دێموکراتیک دایە. لە هەمان کاتدا هێزەکانی ئەمریکاش لەم ناوچەیەدا بوونیان هەیە. ئەگەرچی ئەم بەشەی سووریە بەردوام لە ڕێگەی زەوی و ئاسمانەوە لە ژێر هێرشی جینایەتکارانەی ئەرتەشی تورکیەدا بووە و تەنانەت دەوڵەتی تورکیە چەند شوێنێکی بە کردەوە داگیرکردووە، بەڵام کۆمەڵێک دەستکەوتی کۆمەڵایەتی بەنرخی هەبووە کە بە تەواوی لەگەڵ ئەوەی کە لە ٢٠١١ بەملاوە لە سووریە ڕوودەدات، جیاوازە. سەرەڕای هەر ڕەخنە و تێبینیەک کە ڕەنگە لەسەر تایبەتمەندییەکانی ئیدارەی خۆسەری دێموکراتیکی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریە هەبێت، بەڵام دانیشتوانی ئەو ناوچەیە بە شێوەیەکی بەرچاو و بەجۆرێک کە لە هیچ شوێنێکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاوتای نییە، ڕاستەوخۆ لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیاندا بەشدارن. ژنان لە ڕووی یاساییەوە لە مافی یەکسان لەگەڵ پیاوان بەهرەمەندن و لە ئاستە جیاوازەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، نیزامی و ڕێبەرایەتیدا ڕۆڵی چالاک دەگێڕن. کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکانیش بەشێوەیەکی ئاشتیانە پێکەوە ژیاون. سەرەڕای گوشاری بەردەوامی ئەرتەشی تورکیە و تێکدانی ژێرخانی ئابووری ئەو ناوچەیە بە هێرشی ئاسمانی، ئەم هەرێمە توانیویەتی بە کەڵک وەرگرتن لە هێزی نیزامی و پشتیوانی جەماوەریی، خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان بە باشترین شێوە ڕێکبخات. ئێستا دەوڵەتی تورکیە دەیەوێت هەموو ئەو دەستکەوتانە لەناو ببات و جگە لە بەکارهێنانی بەکرێگیراوەکانی لە چوارچێوەی "ئەرتەشی ئازادی سووریە" دا، هێزە نیزامییەکانی خۆی لە سەر سنوورەکان کۆکردوەتەوە و لەگەڵ دەوڵەتی ئەمریکا خەریکی گفتوگۆ و وەرگرتنی مۆڵەتی چوونە ناو ئەو ناوچەیەیە، ناوچەیەکی کە هێزەکانی ئەمریکاش تێیدا بوونیان هەیە. دەوڵەتی ئەمریکا وێڕای ئەوەی کە بە ڕواڵەت خۆی وەک دۆستی کورد نیشان دەدات، بەڵام لە ڕاستیدا هەوڵ دەدات لە ڕێگەی وتووێژ و دانوستانەوە بزووتنەوەی ڕۆژئاوا لە سیستەمە خۆبەڕێوەبەرییەکەی

درێژە لە لاپەڕەی ٨

درێژە ی لاپەڕەی ٧

و بەتایبەت یەکێک لە ئامرازە بەرگرییە گرنگەکان، کە بریتییە لە هێزە چەکدارە ڕێکخراوەکانی، بێبەش بکات. بەم شێوەیە ئەمریکا بە کردەوە هاوکاری دەوڵەتی تورکیە دەکات لە چەککردنی هێزەکانی سووریای دێموکراتیک. ئێستا لە هەلومەرجێکدا کە دەوڵەتی ئەمریکا لە پێناو دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا، هاوئاراستەیی دەوڵەتی تورکییەی پێ باشترە لە پشتیوانی لە خەڵکی ڕۆژئاوا، لە هەلومەرجێکدا کە ئەو گرووپەی لە دیمەشق دەسەڵاتی بە دەستەوە گرتووە، بە هاوکاری دەوڵەتی تورکیە، چاوپۆشی لە مافەکانی خەڵکی کورد و لەناوبردنی دەستکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی بزووتنەوەی ڕۆژئاوای کردووەتە یەکەم ئامانجی خۆی، لە ئاوا هەلومەرجێکدا، تاکە لایەنگر و پشتیوانی ڕاستەقینەی بزووتنەوەی ڕۆژئاوا، بریتییە لە خەڵکی خەباتکاری ناوچەکە و ئازادیخوازانی جیهان. پشتیوانی هەمەلایەنە و داکۆکیکردن لە خەڵکی ئازادیخواز و مافخوازی کوردستانی سووریە بۆ بەرگریکردن لە دەستکەوتەکانیان، پێویستییەکی بەپەلە و هەنووکەییە

**پێنجەم:** بە ڕووخانی دەسەڵاتی بنەماڵەی ئەسەد و بەدەسەڵات گەیشتنی بەرەی تەحریر شام لە دیمەشق و شارە سەرەکییەکانی سووریە، ئەو وڵاتە ئێستا لەبەردەم دووڕیانێکی چارەنووسسازدایە. تەحریر شام ئەو دەوڵەتەی ئێستای لەسەر بنەمای مۆدێلی "دەوڵەتی ڕزگاری ئیدلب" وەک دەوڵەتێکی کاربەڕێکەر، ڕێکخستووە، مۆدێلێکی کە بە ئاشکرا بۆ بەشێکی زۆر لە هێزە سیاسییەکان و خەڵکی سووریە قبوڵکراو نییە. ئێستا چۆنیەتی دارشتنی یاسای بنەڕەتی سووریە بۆ دیاریکردنی پێکهاتەی سیاسی داهاتوو، بووەتە یەکێک لە پرسە سەرەکییەکانی کەشوهەوای سیاسی ئەو وڵاتە. پلانی دارشتنی یاسای بنەڕەتی لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێستا و هاوبەشەکانیانەوە، بە دەستێوەردانی تورکیە و دەوڵەتە بەرژەوەندیخوازەکانی دیکە، لە سەرووی خەڵکەوە، لە ئارادایە. ئەمە لە کاتێکدایە کە یاسایەکی بنەڕەتی دێموکراتیک، تەنیا لە فەزایەکی ئازادی سیاسیی بە تەواو مانا و بە بەشداریی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی جەماوەر لە ڕێگەی پرۆسەیەکی دێموکراتیکەوە، دەتوانرێت ڕێگای دەرچوونی سووریە لەو قەیرانانەی ئێستا، خۆش بکات. ئەزموونی دامەزراندنی "ڕێکخراوی خۆبەڕێوەبەری دێموکراتیکی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریە" دەریخستووە کە تەنانەت لە هەلومەرجێکی هەرە قەیراناویشدا، دامەزراندنی سووریایەکی دێموکراتیک نەک هەر مومکینە، بەڵکوو تەواو کردەییە. سووریە یان دەبێ ڕێگای دێموکراسییەکی ڕاستەقینە بگرێتەبەر، کە بە واتای ڕێگە خۆشکردنە بۆ بەشداری سەرجەم چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا و ڕێزگرتن لە فرەچەشنی نەتەوەیی و فەرهەنگی لە پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتەدا، یان سەرلەنوێ لە گێژاوی شەڕی بەردەوامی ناوخۆدا گرفتار دەبێت.

**شەشەم:** ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکانی ئێستای عێراق و هەڵسوکەوتی پارێزکارانەی کۆماری ئیسلامی لە پێوەند لەگەڵ هێزە لایەنگرەکانی لە ناوچەکە، نارەزایەتییەکی بەربڵاوی لەناو هێزەکانی حەشدی شەعبی عێراقدا پێکهێناوە. عێراق تاکە وڵاتە کە تا ئێستاش ڕژیمی ئیسلامی تیایدا لە ئاستی باڵای دەسەڵاتدا نفووز و کاریگەری هەیە. بەڵام ئەم کاریگەرییە ڕوو لە کەمبوونەوەیە. لەگەڵ شکستە خێرا و یەک لە دوای یەکەکانی ڕژێم لە لوبنان و سووریە، هێزە جیهادییە سوننەکان لە عێراق، متمانە بەخۆبوونێکی نوێیان بەدەستهێناوە. بە ئازادبوونی نزیکەی ٦٠ هەزار کەس لە دیلەکانی شەڕی دژ بە داعش کە لەلایەن هێزەکانی سووریای دێموکراتیکی ڕۆژئاواوە دەستبەسەرن و ژمارەیەکی زۆریان لە سوننەکانی عێراق پێکدێن، توانایی و هاوسەنگییەکی نوێ دێتە ئاراوە. هەر لە ئێستاوە دەنگۆی پەیوەستبوونی پاشماوەی بەعسییەکانی پێشووی عێراق بەم ڕەوتەوە دەبیسترێت. داعشی عێراق ئەمجارە بە ئەزموون وەرگرتن لە بەرەی تەحریر شام لە سووریە، بە فۆرم و سیمایەکی جیاوازتر لە ڕابردوو دەردەکەوێتەوە. پشتیوانی ئاشکرا و شاراوەی سعودیە و ئیمارات و هتد، بۆ ئەم ڕەوتە دوور لە چاوەڕوانی نییە. موقتەدا سەدر، کەسایەتییەکی ئایینی شیعەی کاریگەر لە عێراق چووەتە ڕیزی نەیارانی ئاشکرای دەسەڵاتی ئیسلامی عێراق و لە نێو هێزەکانی حەشدی شەعبیش دا دووبەرەکی و نارەزایەتی بەرامبەر بە ئێران دروست بووە. ئەم هەلومەرجە بە شێوەیەکی گشتی بووەتە هۆی سەرلێشێواوی دەسەڵاتی ئیسلامی. ئەوان دوو بژاردەیان لەبەردەمدایە، یان دەبێت لەسەر پاشەکشەکانیان لە تاران بەردەوام بن و ڕێگەی دانوستان و سازان هاوکات لەگەڵ زنجیرەیەک لە نەرمی نواندنی قارەمانانە بگرنەبەر، یان ئەوەی کە دەبێت درێژە بەم پرۆسەی شکستە یەک لە دوای یەکانە بدەن، تا وەک بەشار ئەسەد، دەگەن بە قۆناغی دارمانی یەکجاریی

**حەوتەم:** زمانی خامنەیی لە ئاست پاساوکردنی سیاسەتە شکستخواردووەکانیدا بێتوانایە. خامنەیی لە دیدارێکدا لەگەڵ کۆمەڵێک لە لایەنگرانی ڕێژیم، هەوڵیدا شکستە یەک لە دوای یەکەکانی " مێحوەری خۆڕاگریی" لە لوبنان و سووریە پاساو بکات و وەریان پێ ببەخشێت. بەڵام ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی قسەکانی، شتێک نەبوو جگە لە دانپێدانان بە شکست لە بەرامبەر هێزی ئیسرائیل و ئەمریکا لە ناوچەکە و دەستەوەستانی لە پێوەند لەگەڵ ڕزگارکردنی هاوپەیمانە سەرەکییەکەی لە "میحوەری خۆڕاگریی"دا. ترس و نیگەرانی خامنەیی و دەورووبەریەکانی لە ئاستێکدایە کە هەر چەشنە باس و لێدوانێکیان لەم شکستە ستراتێژییە بە تەواوی قەدەغە کردووە و بە تاوان لەقەڵەم دەدرێت. سەرۆکی دەزگای دادوەریش سەرجەم داواکارانی گشتی لەمبارەیەوە بەرپرسیار کردووە و وەزارەتی ئیتلاعاتیش دەستبەکار بووە. خامنەیی و بەرپرسانی سپای پاسداران، تەواوی ئەوەی کە لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا، بە بەهای هەژاری، لەناوبردنی ژێرخان و دارمانی ئابووری، تاڵانکردنی موڵک وماڵی گشتی، پڕچەککردن و ڕێکخستنی تاقم و گرووپە کۆنەپەرستەکانی سەر بە خۆیان لە وڵاتەکانی ناوچەکە، هەزینەیان کردبوو، لە کیس چووە. بۆ پاساوکردنی ئەم دۆخەیە کە خامنەیی هەوڵ دەدات، ئەو شکستە وەک تاکتیکی پاشەکشە لەسەر بنەمای فۆرمولەکانی شەڕ ناو ببات. بەڵام گرنگی مەسەلەکە ئەوەیە کە بەر لە هەموو شتێک ئەمە نەک هەر پاشەکشەیەکی تاکتیکی نییە، بەڵکوو شکستێکی ستراتێژییە. هەروەها لە سەر بەستێنی شکست لە هەموو بوارەکانی تردا، سیاسەتی دەرەوە و بێتوانایی ڕێژیم لە دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی خەڵکدا ڕوودەدات. نارەزایەتیی بەربڵاوی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بە تایبەت خانەنشینان، بارودۆخی دژواری ئابووری خەڵک بە ڕوونی دەردەخات. پیسبوونی هەوای تاران و شارە گەورەکانی دیکە لە ئێستادا بۆتە کێشەیەکی جیددی. کەمبوون و بڕانی بەردەوامی کارەبا، لە سەرەتای وەرزی زستاندا، ژیانی خەڵکی لەگەڵ دژوارییەکی زۆر بەرەوڕوو کردووەتەوە. ئەم دۆخە لە کاتێکدا ژیانی لە خەڵک تاڵ کردووە کە ئێران لە سەر دەریای نەوت و گاز هەڵکەوتووە و خاوەنی بیابانی لوت و بیابانی خوێ و هەروەها گەورەترین بیابانە بۆ بەرهەمهێنانی وزەی خۆر، کە بە کردەوە نەک هەر کەڵکیان لێ وەرنەگیراوە، بەڵکوو سەدان میلیارد دۆلاریش لە پێناو وزەی پڕ مەترسی ئەتۆمی دا خەرج کراوە، کە تا ئێستا هیچ کاریگەرییەکی لەسەر باشتربوونی دۆخی کارەبا نەبووە و لەبری ئەوە، قورسترین سزا نێودەوڵەتییەکان ژیانی خەڵکی بە چەند قات دژوارتر کردووە. ئەوەی کە بەناو "پاشەکشەی تاکتیکی" خامنەیی کردووە بە شکستێکی ستراتێژیک بۆ تەواوەتی کۆماری ئیسلامی، ڕێک ئەو پلان و بەرنامە وێرانکارانەیە

**هەشتەم:** بزووتنەوەی ژنان، هاوشانی بزووتنەوەی کرێکاریی، یەکێکە لەو بزووتنەوانەی کە ترسی مەرگی خستووەتە دڵی دەسەڵاتدارانی ئیسلامییەوە. ئەم بزووتنەوەیە بە خۆڕاگریی و نافەرمانی مەدەنی ژنانی ئازادپۆش، پرۆژە یاسای حیجاب و عیفافی کە ئێستا بووەتە یاسا، لەگەڵ شکست بەرەوڕوو



کردووەتەوە. کۆنسێرتی بوێرانەی پەرەستوو ئەحمەدی، بەبێ ڕەچاوکردنی "حیجابی زۆرەملێ"، لە بواری خەبات لە پێناو ئازادی جل و بەرگدا، درێژەی خەباتی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز بوو لە ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی "ژن، ژیان، ئازادی" دا. نواندنی ڕۆژی ٢١ی سەرماوەزی ١٤٠٣ی ئەم هونەرمەندە لاوە لە "کاروانسەرا"، سەرنجی ملیۆنان ئێرانیی لە ئێران و لە سەرانسەری جیهان بەرەولای خۆی ڕاکێشا و بووە هۆی شکڵگرتنی دەیان بزاڤی هاوشێوە لە هەموو گۆشە و کەنارێکی ئێران و بەڕێوەچوونی ئاهەنگی شادی و خۆشی، کە بوون بە دڕکێک لەچاوی کۆماری ئیسلامیدا. ئەم هەنگاوە وەڵامێکی ددان شکێن بوو بە هەڵوێستە دژە ژنەکانی خامنەیی و پارلمانتارە کۆنەپەرستەکان و هەروەها کردەوەی دامودەزگا سەرکوتگەرەکان لە دژی ژنانی ئازادپۆش. بزووتنەوەی ژنان جارێکی دیکە، هێزی خۆی لە حزووری ٤٠ بۆ ٥٠ هەزار بینەری ژن لە یاریگای نەقشی جهانی ئیسفەهان دا، نیشان دا. ئەم ژنانە بە جلوبەرگی ئیختیارییەوە لە پەنای یەکتردا دانیشتن و هاندەری تیمی دڵخوازی بوون. ئەم شارە گەورە کرێکارییە، لە ژێر کۆنترۆڵی کۆنەپەرستترین باڵی ڕژیمدا، هەرگیز ڕێگەی نەداوە هیچ ژنێک پێ بنێتە ناو یاریگایەکەوە کە پیاوانی "نیوە ڕووت" کێبڕکێیان تێدا کردووە. وتارەکەی ڕۆژی سێشەممە ١٧ی سەرماوەزی خامنەیی، دەریخست کە وەلی فەقی، ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگای ئێران نابینێت یان نایەوێت ببینێت و هەروا لە داوی خەون و خەیاڵی کۆنەپەرستانە و تا سەرئێسقان دژە ژنی خۆیدا گرفتارە. بەڵام سەرەڕای ئەم ڕاستییە، ناوبراو لە ژێر گوشاری بزووتنەوەی ژنانی شۆڕشگێڕدا، لەم وتارەیدا نەیتوانی لە یاسای نوێی "حیجاب و عیفاف" بەرگری بکات و هەوڵیدا بە گشت بێژی و لێدوانی ڕووکەش سەبارەت بە پێگەی ژن لە ئیسلامدا، لایەنگرانی خۆی ڕازی بکات

**نۆیەم:** وا پێدەچێت کە ئێستا ڕەوتە نەیارەکانی ناو دەسەڵات وردە وردە هەوڵ دەدەن بەبێ ئەوەی کە بە فەرمی ڕایبگەیەنن، نەک هەر خۆیان لە بەریەک کەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ وەلی فەقی ببوێرن، بەڵکوو لەگەڵ ئەوەدا هێڵێکی نوێ بۆ ڕزگارکردنی کۆماری ئیسلامی بگرنەبەر. گرنگترین بنەمای ئەم هێڵە، بریتییە لە پاشەکشەکردن لە سیاسەتی سەرکێشانەی دەرەوە و هەوڵدان بۆ ڕەخساندنی دەرفەت بەمەبەستی ڕێککەوتن لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا. ئەگەرچی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا، بە لەبەرچاوگرتنی شکستی سیاسەتی ڕوو لە ڕۆژهەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامی، شکستی سیاسەتی قووڵایی ستراتژیکی ڕێژیم و لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی "مێحوەری خۆڕاگریی"، دارمانی بەردەوام و ڕوو لە پەرەسەندنی ئابووری و نارەزایی بەربڵاوی جەماوەری خەڵکی ئێران، بەنیاز نین بەبێ وەرگرتنی ئیمتیازاتی جددی، بچنە ناو دیالۆگ و دانوستان لەگەڵ ڕێژیمی ئیسلامی. لەم ناوەدا ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستی وابەستە بە هێزە دەرەکییەکان، لە دۆخێکدا کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە هەموو بوارەکاندا بەدەست ناکارامەییەوە دەناڵێنێ و هەروەها لە هەلومەرجێکدا کە سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیمیش لەگەڵ شکستێکی سەرشۆڕانە بەرەوڕوو بووەتەوە و هێزە دەرەکییەکانیش خەونی ئاڵۆزیان بۆ ئێران دیتووە، خۆیان بۆ پێشهاتە نوێیەکان ئامادە کردووە. پەیامی تاوانبارێکی داواکراوی وەک بنیامین نەتانیاهۆ کە دەستی خۆی و ئەرتەشە داگیرکەرەکەی بە خوێنی دەیان هەزار فەلەستینی سوورە و هۆکار و سەبەبکاری وێرانکارییەکی بەربڵاوە لە

درێژە لە لاپەڕەی ٩

درێژە ی لاپەڕەی ٨

فەلەستین و لوبنان و سووریە، بۆ خەڵکی ئێران، نیشانەی نەخشە و پلانێکی مەترسیدارە کە بۆ داهاتووی ئێران لەبەرچاو گیراوە. قسەکردنی جینایەتکارانێکی لەو شێوەیە لەسەر بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"، سووکایەتییەکی ئاشکرایە بە شۆڕشی جەماوەریی ژینا. بەڵام ئەم پەیامە بە دڵی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستی ئێرانیی دانیشتووی دەرەوەی وڵات و وابستە بە پرۆژەی وڵاتە پاوانخوازەکانە. ئەوان چاوەڕوانی ئەوەون کە بە بۆردومانکردنی ژێرخانەکانی وڵات لەلایەن ئەرتەشی ئیسرائیل و بە هاوکاری ئەمریکا و هەروەها پەرەسەندنی نارەزایەتی گشتی، زەمینەی دارمانی دەسەڵاتی ئیسلامی برەخسێت و ئەوان بتوانن هاوشێوەی ئۆپۆزسیۆنی وابەستەی سووریە بگەن بە دەسەڵات. ئۆپۆزسیۆنی ڕاست، بە سەڵتەنەتخواز و موجاهیدینەوە، بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو لە خزمەت بە هێزە دەرەکییەکاندا کاریان کردووە، بە هیوایەی ئەو ڕۆژەی کە بە پشتیوانی ئەو هێزانە بتوانن حوکمرانی ئێران بەدەستەوە بگرن. بەڵام ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینا دەریخست کە جەماوەری خەڵکی ئێران، فریوی پڕوپاگەندەی ئەو هێزانە و میدیای تەبلیغاتیی وڵاتە ئیمپریالیستییەکان ناخۆن، لەم ڕووەوە پێناچێت ئەو هێزانە لەناو جەماوەری خەڵکدا خاوەنی جێگە و پێگەیەکی ئەوتۆ بن

**دەیەم:** قەیرانی حکوومەتی ئیسلامی و ئاسۆی شۆڕش لە ئێران، بەڵام ئەوەی لە قووڵایی کۆمەڵگای ئێراندا دەگوزەرێت، لەگەڵ گەمەی دەسەڵاتە قازانج پەرست و چەوسێنەرەکاندا نامۆیە. ئێستا ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی دەسەڵاتی ئیسلامی لە ئێران، بە پێشەنگایەتی بزووتنەوە ڕادیکاڵە کۆمەڵایەتییەکان و بە دروشم و داواکارییە ڕوون و ڕزگاری بەخشەکانی، لە ئاسۆدا بەدی دەکرێت.

**بەهێزکردنی بزووتنەوە پێشکەوتنخوازەکانی ژنان، کرێکاران،ماموٚستایان، پەرستاران، خوێندکاران،دادخوازان، ژینگەپارێزان و نەتەوە ستەملێکراوەکان و هەروەها لێکنزیکبوونەوە و بەهێزبوونی حیزبە چەپ و کۆمۆنیستەکان،**

**دەتوانێت پیلانگێڕییە نێودەوڵەتییەکانی هاوشێوەی ئەوەی کە لە سووریە ڕوویدا پووچەڵ بکاتەوە.**

لە هەلومەرجێکدا کە ترسی دارمان سەرتاپای ڕێژیمی داگرتووە، دوو پێویستی جەوهەری لەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەدا، زیاتر هەستی پێدەکرێت. لە لایەک، هەوڵدان بۆ پەرەسەندنی ڕێکخراوی پیشەیی بەربڵاو لە کەرتە جۆراوجۆرەکانی کرێکاری و کۆمەڵایەتی و هەوڵدان بۆ پەرەپێدا ی لێکنزیکبونەوەی جددی لە نێوان ئەو ڕێکخراوانە و لە لایەکی دیکەوە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی جەمسەرێکی سیاسی بەهێز کە بتوانێت دروشمەکان، بەرنامە و ئامانجەکانی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانە بە وردی گەڵاڵە بکات و ڕێبەرایەتی سیاسیی پێشهاتەکانی داهاتوو بگرێتە ئەستۆ. ئێستا کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئازادیخواز و داواکاری تەوەر و عەداڵەتخوازانەی جەماوەر، بە ئاشکرا ڕۆچووەتە ناو قووڵایی کۆمەڵگاوە و گوزارشت لە ویست و داخوازیی زۆرینەی ڕەهای کۆمەڵگا دەکات، ئەرکی سەرشانی جەمسەری سیاسی چەپی لایەنگری ئازادی بێ شەرت و مەرجی سیاسی و دێموکراسی، کە بۆ شکڵ پێدان بە پێداویستییەکانی ئەڵتەرناتیڤی سۆسیالیستی لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا، تێدەکۆشێت ئەوەیە کە هاوکات لەگەڵ یارمەتیدان بە ڕێکخراوبوون لەخوارەوە، هەموو هێزی خۆی لە پێناو گەڵاڵە کردن و خستنەڕووی هەرچی زیاتری ئەو ویست و داواکاریانە بخاتەگەڕ

**بڕووخێ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی**
**بژی شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران**
**بژی ئازادی، دێموکراسی و سۆسیالیزم**
**هەیئەتی ئیجرایی ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (ڕاهی کارگەر) و کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
**شەممە ای بەفرانباری ١٤٠٣/ ٢١ی دێسامبری ٢٠٢٤**

****

# بزووتنەوەی ڕۆژئاوا، بەرامبەر بە دەستدرێژییەکانی دەوڵەتی تورکیە، پێویستی بە پشتیوانیی جیهانی هەیە

بەگوێرەی ئاژانسەکانی هەواڵ، هێزەکانی سووریای دێموکراتیک لە ڕۆژی سێشەممە ٢٤ی دێسامبرەوە هێرشێکی بەرپەرچدانەوەیان بۆ سەر هێزەکانی ئەرتەشی نیشتیمانی سووریە، کە لەلایەن ئەرتەشی تورکیەوە پاڵپشتی دەکرێن، دەستپێکردووە. ئەوان ئەو هێزە بەکرێگیراوەیان سەرەڕای بەهرەمەندبوون لە پاڵپشتی هەمەلایەنەی زەمینی و ئاسمانی ئەرتەشی تورکیە، لە دەوروبەری شاری کۆبانی و بەنداوی تشرین ناچار بە پاشەکشە کردووە و شاری منبجیشیان لێ وەرگرتوونەتەوە. هێزەکانی سووریای دێموکراتیک لەسەر بنەمای ئاگربەستێک کە بە ناوبژیوانی و گەرەنتی ئەمریکا مسۆگەر کرابوو، ئەو شارەکەیان چۆڵکرد، بەڵام بەکرێگیراوانی دەوڵەتی تورکیە نەک هەر بەو ئاگربەستە پابەند نەبوون، بەڵکوو هێرشیان کردە سەر هێزەکانی جێگیر لە بەنداوی تشرین لە هەمان ناوچە. لەم ڕووبەڕووبوونەوەیەدا هێزەکانی ئەرتەشی نیشتیمانی سووریە لە منبج و بەنداوی تشرین پاشەکشەیان پێکرا. ئەم بەکرێگیراوانە کە بە تەما بوون ئەرکی شکستخواردووی داعش کە بریتی بوو لە دەستبەسەرداگرتنی کۆبانی، بەجێبهێنن، ناچار بوون سەرلەنوێ تامی تاڵی شکستێکی تر لەم بابەتەوە بچێژن و منبجیش لەدەست بدەن. ئەم شکستە لەکاتێکدا ڕوویدا کە نوێنەرانی دەوڵەتی تورکیەش لە دیمەشق لەسەر هەمان پرس لەگەڵ دەسەڵاتدارانی نوێی سووریە، سەرقاڵی گفتوگۆ و دانوستان بوون و خوازیاری چەککردنی هێزەکانی سووریای دێموکراتیک و زاڵکردنی کۆنترۆڵی تەواوەتی دەوڵەتی ناوەندی بەسەر کوردستانی سووریەدا بوون. هێزەکانی سووریای دێموکراتیک (قەسەدە) باڵی نیزامی خۆبەڕێوەبەری باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریەن و لە پاڵپشتی بەربڵاوی کۆمەڵانی خەڵکی کورد، عەرەب، ئەرمەنی، ئاشووری، سریانی و چیچانی بەهرەمەندن. مەزلۆم کۆبانی و ئیلهام ئەحمەد، ڕێبەرانی ناسراوی بزووتنەوەی ڕۆژئاوا ڕایانگەیاندووە کە ئەو بزووتنەوەیە سوورە لەسەر بەرگریکردن لە دەستکەوتەکانی و پشتیوانی ڕاستەقینەی خەڵکی دەوروبەریشیان بۆلای خۆیان ڕاکێشاوە

لە گەرمەی شەڕ و پێکدادانی نیزامی لەو ناوچەیە، کۆبونەوەی "دایکانی ئاشتی" لەسەر سنووری قامیشلۆ- نسێبین لە نارەزایەتی بەرامبەر بە هێرشە داگیرکارییەکانی دەوڵەتی تورکیە و جینایەتکارانی ناسراو بە ئەرتەشی نیشتیمانی سووریە بۆسەر ناوچەی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریە، دەستپێکردووە. بە سەدان هاوڵاتی هەرلە سەرلەبەیانی زووەوە بەمەبەستی ئیدانەکردن و کۆتاییهێنان بەو هێرشانە لەو شوێنە کۆبوونەوە و وێڕای بەرزکردنەوەی دروشمی "بژی بەرخۆدانی ڕۆژئاوا"، داوای بەفەرمی ناسینی قەوارەی سیاسی خۆبەڕێوەبەری باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریە دەکەن. ئەوان بە یاوەری دەیان هونەرمەند کە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانی تورکیەوە هاتوون بۆ ئەو کۆبوونەوەیە، ئاواز و سروودی بەرخۆدان دەڵێنەوە. دام و دەزگا هەواڵگری و ئەمنییەتییەکانی تورکیە هەوڵێکی زۆریان دا بۆ ڕێگریکردن لە پشتیوانی جەماوەریی لە کوردستانی تورکیە لەم کۆبوونەوەیە، بەڵام شکستیان هێنا و دەیان هونەرمەند لە شارەکانی مێردین، ئامێد، ئێلەح، وان و ناوچەکانی دیکەوە پشتیوانی خۆیان بۆ ئەم کۆبوونەوەیە



ڕاگەیاندووە. هێزی پاراستنی ژنان ناسراو بە یەپەژە، کە یەکێکە لە کۆڵەکەکانی بزووتنەوەی ڕۆژئاوا، لە بەیاننامەیەکدا ئاماژەی بەو ڕاستییە کردووە. ئەو هێزە جەنگاوەرە کە ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی بینی لە تێکشکاندنی داعش لە سورریە و ستایشی خەڵکی جیهانی بەدەستهێنا، ڕۆژی یەکشەممە ١٥ی دێسامبر بەیاننامەیەکی لەژێر ناوی "پێویستە ئەو خەبات و بەرخۆدانە بۆ ئاستی جیهانی بەرز بکەینەوە"، بڵاوکردەوە، کە تێیدا هاتووە **ئامانجی کۆتایی هێرشەکانی کۆماری تورکیە و هێزە جینایەتکارەکانی، واتە داعش، "لە تەلڕەفعەت و منبجەوە بگرە تا کۆبانی و سەرەنجام داگیرکردنی هەموو ڕۆژئاوایە".**

ئێمە داوا لە سەرجەم گەلان و ژنانی جیهان دەکەین کە لە دژی ئەم هێرشانە بێنە دەنگ و بەرپرسیارێتی خۆیان بەجێبهێنن. ئێمە بڕیارمانداوە لە هەموو بەرەکاندا، بەرەنگاری هێرشە تاوانکارییەکانی داعش ببینەوە، کە ڕاستەوخۆ لەلایەن دەوڵەتی تورکیەوە ئاراستە دەکرێن و ئەم خۆڕاگرییە تا کۆتایی بەردەوام دەبێت. ئێمە دەزانین کە خەبات خۆڕاگرییەکەمان لە ئاستی جیهانیدا بەرز دەنرخێنرێت، بەڵام ئێمە لە جگە لە بەرزنرخاندن، پێویستمان بە پشتیوانی کرداریی هەیە. ئەوەندەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە، لە هەموو شوێنێک خەبات و تێکۆشانی خۆمان بەرەوپێش دەبەین و پەرەی پێدەدەین. ئێستا ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە بە وەڕێخستنی نارەزایەتی سەرتاسەری لە ئاستی جیهاندا، بیروڕای گشتی، هێرشەکانی کۆماری فاشیستی تورکیە ئیدانە بکات، پێشی پێبگرێت و بەهۆی تاوانەکانی لە ڕۆژئاوا، لێپرسینەوە لە دەوڵەتی تورکیە بکات. واقیعییەت ئەوەیە کە لەم بەشە لە وڵاتی سووریە کە زۆرینەی کوردن، بزووتنەوەیەکی مافخواز و جەماوەریی پێکهاتووە. بزووتنەوەیەکی کە هاوسۆزی و هاوپشتی جەماوەری هاوچارەنووسی، بە شوناسی نەتەوەیی و ئایینی جۆراوجۆرەوە پاراستووە و ئەو خەڵکە بەبێ جیاوازی، ژیانی خۆیان بەڕێوەدەبەن. ئەم بزووتنەوەیە لە کاتێکدا کە فاشیزمێکی ئایینی لە دیمەشق جێگەی دیکتاتۆریەتی فاشیستی بنەماڵەی ئەسەدی گرتۆتەوە، سەرەڕای هەر کەموکوڕییەکی، تروسکاییەکی هیوابەخشی دێموکراتیکە بۆ جەماوەری خەڵکی ئازادیخوازی سووریە لە ناوچەکانی دیکەی ئەو وڵاتە. بەڵام ئەم ئەزموونە، ئێستا لە لایەن دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئەردۆغانەوە بەتوندی کەوتووەتە ژێر مەترسییەوە. لەمڕووەوە پێویستی بە پشتیوانی کاریگەر و بێ دریغی جیهانی و جەماوەریی هەیە

****

Workers of all countries, unite!
PESHRAW
No: 457-December 2024
www.komalah.org
Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# دەوڵەتە سەرمایەدارییەکان لە ئاست ئەو هەلومەرجە کارەساتبارەی کە بەسەر ژیانی خەڵکی وڵاتە شەڕلێدراوەکانیاندا سەپاندووە،هیچ بەرپرسیارێتییەک قبوڵ ناکەن.



ڕۆژی چوارشەممە ٢٨ی سەرماوەز بەرامبەر بە ١٨ی دێسامبر، ڕۆژی جیهانی کۆچبەران بوو. کۆبوونەوی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ساڵی ٢٠٠٠، ١٨ی دێسامبری وەک ڕۆژی جیهانی کۆچبەران ناوزەد کرد. هۆکاری دیاریکردنی ئەم بۆنەیە، بریتی بوو لە پەرەسەندنی ژمارەی کۆچبەران و هەڵسوکەوتی زۆرجار خراپ و نامرۆڤانەی ئەو کۆمەڵگایانەی کە ڕوویان تێدەکردن.بەڵام بەداخەوە لەکاتێکدا یادی ئەم بۆنەیە دەکرێتەوە کە ڕۆژ نییە هەواڵی نوقم بوونی بەلەمێکی هەڵگری ئەو کۆچبەرانە بڵاو نەبێتەوە کە دەیانەوێت خۆیان بگەیەننە کەناراوەکانی ئورووپا و ئوسترالیا. بەرپرسانی وڵاتانی سەرمایەداری ڕۆژئاوا بەردەوام و بەشێوەیەکی ڕیاکارانە گلەیی و گازندە دەکەن سەبارەت بە ڕێژەی ئەو کۆچبەرانەی کە ڕوو لە وڵاتەکانیان دەکەن و بەردەوام یاسای دژە کۆچبەری دەردەکەن. ئەوان سەبەبکاری دروستبوونی شەڕ و وێرانکاری و کارەساتی ئاوارەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن. ئەوانن کە بەردەوامن لەسەر پەرەپێدان و پێشبڕکێی چەک و چۆڵ و لەژێر سایەی ئەم سیاسەتەدا بە میلیاردها دۆلار چەک بەو حکومەتانە دەفرۆشن کە بەسەر خەڵکی ناوچەکەدا سەپێنراون. لە ئەمریکا دۆناڵد ترامپ بە بەڵێنی دەرکردن و دیپۆرتکردنەوەی ملیۆنان کۆچبەر لەو وڵاتە، بە دەسەڵات دەگات. یەکێتیی ئورووپا بەمەبەستی ڕێگریکردن لە هاتنی پەناخوازان، کۆمەڵێک ڕێوشوێن و ڕێگەچارەی گرتووەتەبەر کە یەک لە یەکی نامرۆڤانەترن

**یەکەم:** گەڕاندنەوەی کۆچبەران بۆ ئەو وڵاتانەی کە لێوەی هاتوون. زیاتر لە ٩٠٪ی پەنابەران لە ناوچە شەڕلێدراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقاوە دێن. ئەوان لە وڵاتەکانی خۆشیاندا ئاوارە و بێ ماڵ و حاڵن. گەڕاندنەوەیان واتە سەرلەنوێ بەرەوڕووکردنەوەیان لەگەڵ مەترسی مرگ. ئایا وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری و لەوانە دەوڵەتەکانی ئورووپا، دەتوانن بەرپرسیارێتی خۆیان لەو شەڕە ڕاستەوخۆ یان بە وەکالەتانە ڕەت بکەنەوە کە لە هەر شوێنێکی جیهان و لەوانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا، بوونەتە هۆکاری ئەم ئاوارەیی و دەربەدەریانە؟ داگیرکەرانی ئورووپایی تا توانییان سامانە سروشتییەکانی ئەفریقایان تاڵان کرد و کاتێکیش لەوێ ڕۆیشتن، دەیان زیانی بەئازاری کۆمەڵایەتی و ناکۆکی و دووبەرەکی نەتەوەیی و خێڵەکی و ئایینییان لە دوای خۆیان بەجێهێشت. تا توانییان لە ڕێگای چەوساندنەوەی هێزی کاری هەرزانی ئەوانەوە سەروەتیان لە وڵاتانی ئەورووپادا کەڵەکە کرد، بەڵام دەوڵەتەکانی ئەمڕۆیان کە لەسەر سامان و دەسەڵاتی داگیرکەرانی قۆناغی ڕابردوو دانیشتوون، لە ئاست ئەو هەلومەرجە کارەساتبارەی کە بەسەر ژیانی ئەو خەڵکەیاندا سەپاندووە، هیچ بەرپرسیارێتییەک قبوڵ ناکەن، لە حاڵێکدا کە هەر ئێستاش سەروەت و سامانی خەڵکی ئەو ناوچەیە بە لێشاو ڕوو دەکاتە ئورووپا. ئەگەر تەنانەت قبووڵی بکەین کە پەنابەرانی ئەفریقایی لەڕووی هەژاری و بارودۆخی خراپی ئابوورییەوە لە وڵاتەکانیان هەڵدێن و بەدوای کار و ژیانێکی باشتردا دەگەڕێن، دیسانیش پرسیار ئەوەیە کە چ کەسانێک ئەفریقایان تاڵان کرد و بە دواکەوتوویی هێشتیانەوە و لە داوی برسێتی و نەخۆشییە مەترسیدارەکاندا، گرفتاریان کرد؟ ئایا ئەوان هەرئێستاش بەردەوام نین لە تاڵانکردن و چەوساندنەوەی ئەم ناوچە هەمیشە برسییە؟

**دووەم:** پەسەندکردنی یەک لە دوای یەکی یاسای دژە پەنابەری لە ئورووپا، تەنیا کاریگەری لەسەر پەنابەران نابێت، بەڵکوو ئەو یاسا و سیاسەتانە هاوکات وادەکات کە ئەم وڵاتانە لە ڕووی ئەخلاقییەوە پاشەکشە بکەن. ئەم ئاراستەیە، زەمینە خۆشتر دەکات بۆ بە دەسەڵات گەیشتنی حیزب و ڕەوتە ڕاستڕەوەکان. هاتنە سەرکاری ئەو حیزبانە بەو مانایەیە کە لە هەنگاوەکانی داهاتوودا، هەموو ئەو دەستکەوتە پێشکەوتنخواز و ئینسانیانەی لە بواری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیدا، کە لە ئاکامی خەباتی بەردەوامی چینی کرێکاردا بەسەر حکومەتەکاندا سەپێنراون، هێرشیان دەکرێتە سەر. ئەڵبەتە ئەم هێرشانە هەر لە ئێستاوە دەستی پێکردووە. زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی وڵاتانی ئورووپا و لە سەرووی هەمووشیانەوە چینی کرێکاری ئەو وڵاتانە، دەبنە قوربانیانی داهاتووی ئەم سیاسەتانە. ئەگەر دەوڵەتەکانی ئەورووپا لە بەرەوپێشبردنی ئەم سیاسەتەدا سەرکەوتوو بن، تەنانەت مرۆڤایەتیش لەو وڵاتانەدا دەکەنە قوربانی

**سێیەم:** داخستنی سنوورەکان و سنووردارکردنی ئۆپەراسیۆنەکانی فریاکەوتنی دەریایی بەو پاساوەی کە ئەم خزمەتگوزارییانە هانی کۆچبەرانی نوێ دەدەن. یەکێتیی ئورووپا بە پێی ڕێککەوتنێکی فەرمی، بڕیاریداوە کە ئۆپەراسیۆنەکانی ڕزگارکردنی پەنابەران سنووردار بکات. هیچ گومانێک لە دژە ئینسانی بوون و جینایەتکارانە بوونی ئەو سیاسەت و پاساوکردنەدا نییە. هێزە دەریایی و ئاسمانییەکانی ئورووپا کە بە پێشکەوتووترین تەکنەلۆژیای ئەم سەردەمە تەیارکراون، توانایی کۆنترۆڵکردنی بست بە بستی دەریای ناوەڕاستیان هەیە. ئەوان دەتوانن شوێنپێی هەر بەلەمێک لە شوێنی وەڕێکەوتنەوە تا شوێنی مەبەست بگرن و پێش ئەوەی لەگەڵ مەترسی نوقمبوون بەرەوڕوو ببنەوە، ڕزگاریان بکەن، بەڵام بە ئانقەست ئەم توانایە بۆ ڕزگارکردنی ژیانی پەناخوازان بەکارناهێنن. تەنانەت ئەگەر پاڵنەرە ناڕەواکانیشیان بۆ سنووردارکردنی ئۆپەراسیۆنەکانی فریاکەوتن بەمەبەستی ڕێگریکردن لە هاتنی پەنابەران بۆ ئورووپا قبوڵ بکەین، واقیعییەت ئەوەیە کە بەوەش ناتوانرێت بەر بە شەپۆلی هەڵاتنی پەنابەران لە دەست مردن و هەژاری بگیردرێت. سنووردارکردنی ئۆپەراسیۆنەکانی فریاکەوتن، نەک هەر شەپۆلی کۆچکردنی کەم نەکردووەتەوە، بەڵکوو تەنیا بووەتە هۆی پەرەسەندنی هەرچی زیاتری مەرگی کۆچبەران و پەناخوازان. دەبێ بە پشتبەستن بە ڕای گشتیی پێشکەوتنخواز و مرۆڤدۆست و هێزە خەباتکار و تێکۆشەرەکان لە وڵاتە سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکان، دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان ناچار بکرێن ڕێز لە مافی کۆچبەران و پەنابەران بگرن. پێویستە خەبات لەپێناو بەفەرمی ناسینی مافی مانەوە و دابینکردنی ژیانێکی ئینسانی بۆ هەر تاکێک وەک مرۆڤێکی خاوەن مافە گشتگیرەکان و هاوڵاتییەکی جیهانی، لەوانەش مافی نیشتەجێبوون لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە کە ئارەزووی دەکات، هەرچی زیاتر پەرەی پێبدرێت

****

دواستون

## کۆمۆنیستەکان و دروشمی جیایی دین لە دەوڵەت

دەوڵەتە سەرمایەدارییەکان بە درێژایی مێژوو لە پێناو درێژەدان بە دەسەڵاتی چەوسێنەرانەی خۆیاندا، کەڵکیان لە شێوازە جۆراوجۆرەکانی سەرکوت وەرگرتووە. جگە لە سەرکوتی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی زیندان و ئەشکەنجە و ئێعدام و دروستکردنی فەزای پۆلیسیی و ترس و تۆقاندن لە کۆمەڵگەدا، مەزهەبیشیان وەک ئامرازێک بۆ دەروونیکردنەوەی سەرکوت بەکارهێناوە و بە یارمەتیی مەزهەب دەنگی نارەزایەتیی ئینسانی کرێکار و زەحمەتکێش لە دەروونەوە کپ دەکەن. ڕزگاربوون لە چنگ ئەم هۆکارەی سەرکوتی دەروونییە، لەڕێگەی ڕۆشنگەریی و لێکدانەوەی زانستیانەی کێشەکانی جیهان لە چوارچێوەیەکدا مومکینە، بەڵام ئەم ڕزگاربوونە لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا تەنیا ئەو کاتە مومکین دەبێت کە بارودۆخی ماددیی ژیانی مرۆڤەکان بگۆڕێت و ئەو هێزە سروشتی و کۆمەڵایەتییانەش کە مرۆڤ لە ترسیان پەنا دەباتەبەر مەزهەب، بێتەژێر کۆنترۆڵی چینی کرێکار و بیروڕای ئینسانی پێشڕەو و پێشکەوتنخواز. داخوازیی جیایی دین لە دەوڵەت، بۆ ئەم مەبەستە و لە پێناو گەیشتن بە وەها ئامانجێکدایە کە دێتە ئاراوە و دەستەبەربوونیشی، ئەم ئامرازی سەرکوتە لەدەست سەرمایەداران و دەوڵەتەکەیان دەردەهێنێت

"جیایی دین لە دەوڵەت" درووشمێکە کە وێڕای نیشاندانی دژایەتی کۆمۆنیستەکان لەگەڵ مەزهەب وەک ئەمرێکی دەوڵەتیی، تەعەهود و پابەندبوونیشیان بە بنەماکانی ئازادیی بێ شەرت و مەرجی بیر و باوڕ دەخاتەڕوو. واتە پێداگریی لەسەر ئەم ئەسڵە دەکاتەوە کە چینی کرێکار چ وەک ئۆپۆزسیۆن و چ دوای بە دەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسیش، بە تەئکیدەوە دژایەتیی ئەوە دەکات کە جەبر و زۆرداریی و پشکنینی بیروباوەڕ و هەڵاواردن و مەحدودییەتی یاسایی دەرهەق بەو کەسانە بکرێت کە خاوەنی بیروباوەڕی مەزهەبین و بۆ ڕەخنەگرتن و وەلانانی بیروباوەڕ و بۆچوونە مەزهەبییەکان لە کۆمەڵگەش، هیچ شێوەیەک بێجگە لە خەباتی نەزەریی، ڕۆشنگەریی و ئاموزش و بە قەناعەت گەیاندن، بە ڕێگەپێدراو نازانێت. خواستی جیایی دین لە دەوڵەت و کردنی مەزهەب بە پرسی تایبەتیی ئینسانەکان، یەکێکە لەو درووشم و داخوازییانەی کە کۆمۆنیستەکان خەباتی بۆ دەکەن، بەڵام جیاواز لە کۆمۆنیستەکان بەشێک لە ئۆپۆزۆسیۆنی بوورژواییش بەدەر لەوەیکە لە داهاتوودا تا چ ڕادەیەک پێوەی پابەند دەبن یان نا، ئەم درووشمەیان بەرز کردووەتەوە و هەندێک جاریش دەبنە بانگەشەکاری بۆچوونە غەیرە مەزهەبییەکان و خۆشیان بە سێکۆلار ناو دەبەن. بەڵام ئەوەیکە هەڵوێستی کۆمۆنیستەکان لە هەڵوێستی ڕەوتە بوورژوازییەکان جیادەکاتەوە، تەنها سێکۆلاریزم و داخوازیی جیایی دین لە دەوڵەت نییە، بەڵکوو لە هەمان کاتدا ڕوونکردنەوە و لەقاودانی دەور و نەخشی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی مەزهەبیشە وەک ئامرازێک لە خزمەت بە نیزامی چینایەتیی سەرمایەداریدا

کۆمۆنیستەکان لە خەبات لەدژی مەزهەبدا هیچکات بێڕێزی بە بیروباوەڕی خەڵک ناکەن، کاری کۆمۆنیستەکان بریتییە لە ڕۆشنگەری و تەوزیحی بە حەوسەلەی ڕاستییەکان و ڕوونکردنەوەی بەڵگەمەندی جیهانبینیی کۆمۆنیستیی لە بەرامبەر دیاردەی مەزهەبدا. سیاسەت و هەڵوێستێکی لەم چەشنە، نەک هەر هاوپشتیی خەباتکارانەی چینی کرێکار لەدژی سەرمایەداران لاواز ناکات، بەڵکوو بە هۆی خەسڵەتی سادقانە، زانستیی و دڵسۆزانەیەوە، دەبێتە هەوێنی لێکنزیکبوونەوە و یەکگرتوویی و ڕیزی نەبەردی چینایەتیی کرێکارانیش بەهێزتر دەکات

****